نووسینی:

**هیمداد مەجید عەلی**

# تیرۆر

## (پایەکانی، هۆکارەکانی، شێوازەکانی)

**٢٠٠٧**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی‌ئەندازیاران ـ ١٠٥

کۆڵانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ١٠

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

❊ **ناوی کتێب:** تیرۆر ( پایەکانی، هۆکارەکانی، شێوازەکانی )

❊ **ناوی نوسەر:** هیمداد مەجید عەلی

❊ **نەخشەسازیو بەرگ:** فەهمی جەلال

❊ **تایپ:** نیاز جەلال

❊ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

❊ **ژمارەی سپاردن:** (٩٩١ ) ساڵی ٢٠٠٦

❊ **ژمارەی زنجیرە:** ( ٢٣٠)

❊ **چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٧

مەكتەبی بیرو هۆشیاری

## پێشەکی

هەر چەندە تیرۆر دیاردەیەکی کۆنەو وڵاتان لەدێر زەمانەوە پێوەی دەناڵێنن، بەڵام ئەم دیاردەیە، لەسەردەمی نوێشدا جارێکی تر دەرکەوتەوە، بەجۆرێك کە بتوانێ کەڵك لەپێشکەوتنو پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا وەربگرێتو وای لێ بێت کە تیرۆریستان بتوانن سود لەهۆکارە هەمە چەشنەکان وەربگرنو بەکاری بهێنن.

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان واتای تیرۆر دیاری بکەینو تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبکەینەوە. ئەگەر بێتو حاڵەتەکانی تیرۆر شی بکەینەوە، دەبینین کە دیاردەی تیرۆر بە چەند شێوەو وێنەیەکی جۆراو جۆر دەردەکەوێت، ئەمەش بانگێشتمان دەکات بۆ ڕۆچوونو گەیشتنە قوڵاییو شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە، بەتایبەت لەدوای ئەوەی کە ئەم دیاردەیە بوو بە کێشەیەکی ترسناك. چونکە زۆر لەوڵاتەکان دەناڵێنن بە دەست دیاردەکانی تیرۆرەوە بەبێ تێڕوانین بۆ پێش کەوتنو دواکەوتنی ئەو وڵاتانە، یان بەبێ سەیر کردنی جۆری سیستەمی ڕامیاری (النظام السياسي) ئەو وڵاتانە.





مەكتەبی بیرو هۆشیاری

بەڕاستی نیشانەکانی تیرۆر لەڕێگەی هەستان بە کارێکی ترسناكو تۆقێنەرەوە دەرکەوت، کەبووە هۆی لێکەوتنەوەو کوشتنی سەدان کەس.. ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هۆکارە نوێیەکانەوە کە بووە هۆی تاوان کردن . هەموو ئەمانە دەبنە دروست بوونی کێشە یاساییەکان.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم بابەتە ببێتە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەمان بە تایبەتی دوای ئازاری ئەو زەرەرانەی کە لەکارە تیرۆریستییەکان دەکەوتنەوە کەگەیشتە سنورێکی وا هەڕەشە بکات لەیەکێتی نیشتمانیو ئارامیو ئاسایشو یاساو دیموکراتیو فرەییو یەکێتی کە ڕاوەستاون لەسەر گەورەیی یاساو پاراستنی مافەکانو هەموو سەربەخۆییەکان وگەشەکردنی گشتیو کارکردن لەسەر نەهێشتنی کارە تیرۆریستییەکان یان قەدەغەکردنیان[1].

بەڕاستی بەرەنگاری کردنی تیرۆرو شیکردنەوەی هۆکارەکانی کارێکی پێویستە، ئەمەش لەبەر زانینو ئاشکراکردنی ئەو هۆکارانەی کە زاڵ دەبن بەسەریداو بنە بڕی دەکەن. چونکە بەڕاستی زۆر لەوڵاتان لەژیانی ئێستاماندا دەناڵێنن بە دەست تیرۆرەوە.

بەم بۆنەیەوە دەبێت لەبیرمان نەچێت کاتێك کە کوردستان دوچاری کاری تیرۆر بووەوە لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزی ساڵی ٢٠٠٤دا لەهەولێر کاتێك کە کۆمەڵێك لەتیرۆرستەکان هەستان بە تەقاندنەوەی خۆیان لەکاتی گێڕانی ئاهەنگی جەژنە پیرۆزەو بەخێرهاتنی بەرپرسە سیاسییەکان لەهەر دوو بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

[1] الاسباب الموجبه لقانون مكافحة الارهاب العراقي رقم ١٣ لسنة ٢٠٠٥

ئەم كارە تیرۆریستییە بووە هۆی قوربانیو بریندار بوونی دەیان كەس لەبەرپرسانو هاولاَتیان، هەروەها هەڵەبجەمان لەبیر نەچێت كە ڕووبەڕووی چەندەها كاری تیرۆرستی بووەوە لەلایەن چەند تاقمێكی ئیسلامییەوە، ئەم كارە بووە هۆی بەستنەوەی ئەو موسڵمانانەی كە پێیان دەوترێت موسڵمانە پێشینەكان (السلفية الأسلامية) بە تیرۆرو ئەو تۆقاندنانەی كە بیروبۆچوونی زاڵە بەسەر كۆمەڵێك لەو موسڵمانانەی كە بیروباوەڕیان تەسكەو ئەو بیروباوەڕە بانگێشتیان دەكات بۆ بە قوربانی كردنی خۆیان، ئەمەش لەبەر هێنانە دی حاڵەتی ترسو لەرز لەلای زۆری هاولاَتیانی بێ تاوان كە هەموو كات دەبنە قوربانی كارە تیرۆرستەكان. ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عیراق بڕیاری ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٦ دەركرد لەژێر ناونیشانی (یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەكانی تیرۆر لەهەرێمی كوردستانی عێراقدا بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانانە، لەداهاتودا ئەو بڕیارانە شیدەكەینەوەو كاریگەری ئەو بڕیارانە دەردەخەین سەبارەت بە پاراستنی كوردستان لەكارە تیرۆریستەكان. بەڕاستی شیكردنەوەی ئەم بابەتە داوامان لێدەكات كە بكرێت بەشەش بەشەوە ، بەشی یەكەم: تایبەتە بە پەرەسەندنی مێژوویی تیرۆر. لەبەشی دووەمدا ئاماژەمان بۆ پێناسەكردنی تۆقاندن تایبەتمەندییەكانی كردووە.

لەبەشی سێیەمدا: پایەكانی تاوانە تیرۆریستییەكانمان باس كردووە.

لەبەشی چوارەمدا: تایبەتە بە هۆكارەكانی تیرۆرو هاندەرەكانیەوە .

لەبەشی پێنجەمیشدا: شێوەو جۆرەكانی تیرۆر خراوەتە ڕوو، لەبەشی شەشەمیشدا: توێژینەوەكەمان تایبەت كراوە بۆ شیكردنەوەی





بەرپرسیاری لەكارە تیرۆریستییەكان. لەكۆتایدا بیروبۆچوونی خۆمان باس كردووە لەچۆنیەتی بەرەنگاریكردنی كارە تیرۆریستییەكان، ئەمەش بەدیاریكردنی ئەو كەسانەی كە هەڵدەسن بەكارە تیرۆریستییەكانو لەڕێگەی دیاری كردنی سنور بۆ ئەو كارانە.

مەكتەبی بیرو هۆشیاری

# بەشی یەكەم

# پەرەسەندنی مێژوویی تیرۆر





مەكتەبی بیرو هۆشیاری

بەڕاستی تیرۆر پەیوەستە بە ئادەمیزادەوەو هەر لەقۆناغەكانی پێشكەوتنو بەرزبوونەوەی یەكەمی ژیانیەوە هەبووە چونكە پەنابردن بۆ توندو تیژی ، كارێكی دێرینەو لەگەڵ ئادەمیزاددا دروست بووە. لەبەر ئەمەیە كە ئێمە پشتگیری ئەو كەسانە دەكەین كە دەڵێن بیرو بۆچوونی تیرۆرو توندوتیژی شاراوەتەوە لەدەروونی ئادەمیزادەكانداو بەگەشەكردنی ئادەمیزاد گەشە دەكاتو چوار دەوری لەڕەنگدانەوەی چوار دەوری ئادەمیزاد دایە تا وەك ببێتە واتایەكی گشتی بۆ كۆمەڵگا[1].

لەوڵاتی ڕۆمانیاداو لەسەردەمی فەرمانڕوایی كۆمارییەكاندا، هەندێ لەنیشانەكانی تیرۆر دەركەوتن. بەشێوەیەك كە كۆمەڵێك لەچەكدارەكانی ئەو سەردەمە هەستان بەسوتاندنی ئەو كێڵگانەی كە موڵكی هۆزێكی دیاری كراوی ئەو سەردەمە بوونو، بووە هۆی ئەم ئاگركەوتنەوەیەو لەكاتی خۆشیدا بووبە هۆی سوتانی سەدان زەویو زاری كشتوكاڵی هەروەها كوشتنی دەیان كەس لەجوتیارەكانی ئەو سەردەمە.

ئەمە بووە هۆی بانگێشەكردنی حوكومەتو چوونە ناو كێشەكەوە بەهۆی ئەو پاشماوە دەروونیانەی كە لێیكەوتەوە، وەكو ترسو لەرزو دڵە ڕاوكێ[2] كە بەهۆی ئەو سوتاندنەوە ڕوویدا. ئا بەم جۆرە بە هۆی

---

[1] سلیم قرحالی: مفهوم الأرهاب فی القانون الدولی، رسالة ماجیستیرمقدمة الی جامعة الجزائر. ١٩٨٨ـ ١٩٨٩ ص/٣٠

[2] مفهوم الأرهاب فی القانون الدولی. دراسة قانونیة للمحامی ثامر ابراهیم الجمهانی ـ دار حوران الطباعة والنشر ـ دمشق. بلا تأریخ نشر ص٢٢

گەشـەکردنی وڵاتـانی بـەهێزو بـەتواناوە شـێوازو جۆرەکـانی تـیرۆر دەرکەوت.

بەڵام پێش ئەوە پێویستە ئاماژە بەو کۆمـەڵگا مرۆڤایەتیانـە بـدەین کە لەسەر دژ بەیـەك بـوونی کۆمەڵە بەرهـەم هێنراوەکـان پێکهاتوون، بـەم شـێوەیە پەیوەندییـەکانی بەرهـەم هێنـان کاریگـەریان هەیـە لەهێنانـە کایـەی چـەند یاسـایەکی بـرەودەر بـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەك‌و هێزە بەرهەم هێنەرەکان لەلایەکی ترەوە .

لەقۆناغی بەندایەتیدا  واتە (الـرق)دا ، کۆمـەڵگا دابـەش کرابـوو بۆ دوو چین‌و دوو توێژی دژ بەیەك.

چینی یەکەم: بریتی بـوو لەچینی خاوەن بەنـدەکان، بـەڵام چینی دووەم: بریتی بوو لەچینی بەندەکان.

لێرەوە دژایەتی ڕاستی چینەکان بـە هـۆی بـێ دەنـگ کـردن‌و ستەم لێکردنیانەوە گەشەی کرد، بەڵام لـەژێر سایەی یاسـای دەرەبەگایەتیـدا سێ جۆر لەچینەکانی کۆمەڵگا دەرکەوتن.

یەکـەم: چـینی گـەورەو ژێرەکـان، دووەم: چـینی پیـاوانی ئـایینی، سـێیەم: چـینی جووتیـاران. شـێوازێك لـەگیانی سەرکێـشی لـەلای جوتیارەکان دەرکەوت کە بووە بەهۆی ئـەو ژیانـە ڕەش‌و ستەمەی کە جوتیارەکـان ڕووبـەڕووی دەبوونـەوە لـەڕێی دەرەبەگەکانـەوە. بـەم شێوەیە چەند شۆڕشێك بـەرپاکراو تـوانی یاسـای دەرەبەگایـەتی لـەناو بەرێت‌و یاسای سەرمایەداری بچێتە جێگەی[٣]

[٣] محمد ابو طالب ـ التأريخ المعاصر ـ دار الأفاق الجزائر ص٤.





بـاری ئـابووری بەشـێوەیەکی ئاشـکراو دیـار لـەژێر سـایەی سـەرمایەداریدا پـەرەی سـەند، بـەڵام ئـەم یاسـایەش بـووە هـۆی دەرکەوتنی چینی بۆرجوازی کە تـوانی زاڵببێت بەسـەر سەرچاوەکانی ئـابووری‌و ڕامیـاریی حکومەتـدا کـە ئەمـەش بـووە هـۆی دەرکـەوتنی دیاردەی شاردنەوەی سەرمایەداری، ئـەو سەرمایەدارییەکە بەتـەواوی گەشـەی کردبـوو، هـەروەها بـووە هـۆی دەرکـەوتنی داگیرکـەر واتـە: (إستعمار)و لەوێوە دوو جۆر حکومەت دەرکەوت.

یەکـەم: حکومـەتی ئـەو وڵات‌و شارانەی کـە خـاوەنی ئابوورییـەکی گەشە کراو بوون.

دووەم: حکومـەتی وڵاتـە دواکەوتووەکان کـە پێیـان دەووتـرا وڵاتـە تازەگەشە سەندووەکان واتە (الدول النامیە).

ئا بەم شێوەیە ئەو وڵاتانەی کە دیـاردەی شـاردنەوە بەسـەریاندا زاڵ بوو، هەستان بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی توندو تیژی، ئەمەش لەبـەر ملکەچکردنی گەلەکانیان بۆیان، ئا بەو شێوەیە کارە تیرۆریـستییەکان پەرەی سەند[٤].

بـەڵام لـەلای هەنـدێك ، پەیوەنـدی هەیەلـەنێوان شـۆڕش‌و تـیرۆردا ، چـونکە هەنـدێك لـەخاوەن بیردۆزەکـان باوەڕیـان وایـە کـە پەیوەنـدی هەیە لـەنێوان واتـای تـیرۆرو بیروبۆچوونی ڕامیاری سـەردەمیدا واتـە (الفکر السیاسی العصری) چونکە ڕەگـەزەکانی دیـاردەی تـیرۆر لـەدوای بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی‌و کارە توندو تیژەکانی وەك ماڵـوێرانی‌و

[٤] الدکتورة حمیدة سمیسم ـ الحرب النفسیة الایرانیة. دار الشئون الثقافة العامة ـ بغداد. ١٩٨٩ ص١٤

بڵاوکردنەوەی ترس لەدڵی خەڵکیدا ، دەرکەوت کە بووە بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی تیرۆر لەسەدەی هەژدەهەمدا.

وشەی ترسان واتە (رهبە) وشەیەکی لەتکراوەولەبنەڕەتدا لاتینییە. واتاکەی برتییە لەگیرانی کەسێك کەزەندەقی بچێتو بلەرزێت. ئەم پێناسەیە لەسەرچاوەی قاموسی ئەکادیمی فەرەنسییەوە هاتووە کە لەساڵێ ١٦٩٤ دەرچووەو دەڵێت: ـ

(تیرۆر واتە ترسێکی زۆر یان لێك چوونێکی توندوتیژ کە لەدەروونی ئادەمیزاددا ڕوودەدات بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی خراپە کاری یان ترسێکی نزیك)[5] ئالێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، پرسیارەکەش ئەمەیە:

ئایا ئایینی ئیسلام خاوەنی ڕەگو ڕیشاڵی تیرۆرەو ئایا بیری موسڵمانە پێشینەکان واتە (السلفيه الاسلامية) سەرچاوەن بۆ دیاردەی ئەم تیرۆرەی ئێستا کە زۆربەی وڵاتانی ئەم سەردەمە پێوەی دەناڵێنن؟ چونکە لەقورئانی پیرۆزدا لەچەندەها ئایەتدا ئاماژە کراوە بۆ وشەی تیرۆر. وەکو لەسورەتی بەقەرەدا وشەی تیرۆر لەئایەتی (وايى فأرهبون)[6]دا هاتووە هەروەها لەسورەتی حەشردا خوا دەفەرمویێت (لأنتم أشد رهبة فى صدورهم من الله ذلك بأنهم قوم لايفقهون)[7] هەروەها لەسورەتی ئەنفالدا، خوا فەرمویەتی (وأعدو لهم ماستطعتم

[5] سبيل هادى ـ امراء الارهاب فى الشرق الاوسط ـ شركه المطبوعات البنانية ـ دار الفارابي بيروت ١٩٨٥ ص٤١

[6] سورة البقرة/ ٤٠

[7] سورة الحشر١٣





من قوة ومن رباط الخيل ترهبون بەعدو الله وعدوكم)[8] لەدوای ئەو دەقە قورئانیانە دەتوانین بڵێن: کە ئایینی ئیسلام لەسەر بنەڕەتی ترسان لەخواو دانان بەداد پەروەری کۆمەڵایەتیو یارمەتی یەکتریدانو لەسەر چاکەو ڕەتکردنەوەی ستەم دامەزراوە.

بەڕاستی خوێندنەوەی گشتی بۆ واتای ئیسلام بریتییە لەپشت نەبەستنی ئایینی ئیسلام بە بەکارهێنانی توندو تیژی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامدا، چونکە لە قورئاندا هاتووە کە خوای گەورە فەرموویەتی (وجادلهم بالتى هى أحسن)[9] هەروەها دەفەرموویێت (أدع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة)[10] هەموو ئەو ئایەتانە ئیسلام بە دوور دەزانێت لەتوندو تیژیدا، بەڵام بەڕاستی ئەو بانگەوازە تازەیەی کە دارێژراوە لەسەر بنەڕەتی پەیوەندی لەنێوان ئیسلامو توندو تیژی بریتییە لەبانگەوازێکی ڕامیاری واتە (سیاسی)، مەبەستیش لەوە بریتییە لەخراپکردنی ئەو ئایەتە پیرۆزانە ، چونکە هەندێك لەتاوان باران ئەم بانگێشەیەی ئیسلام بە پێویست بوونی بیردۆزەی بێ باوەڕان دەزانن ئەو بیردۆزەیەی کە دەڵێت: ئەو کەسانەی لەسەر بیرو بۆچوونەکانی ئیسلام ناڕۆن بەڕێوە کافرن یان زەندیقن شیاوی کوشتنن.

[8] سورة الانفال/ ٦٠

٩ سورة النحل /١٢٥

١٠سورة النحل/ ١٢٥

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەم بیرو بۆچوونە، بیرو بۆچوونی کۆمەڵێك موسڵمانی توندڕەوە، لەوکەسانەی کە پەنایان بردە بەر ئەم بیرو بۆچوونە وەکو کوڕەکەی بن لادن واتە (أسامە) ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە کوڕەکەی بن لادن سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ ئەندامانی قاعیدە لەسەر تیرۆر کە هۆکارێکە بۆ هەڕەشەکردن لەجیهانی شارستانیو پێشکەوتووی ئادەمیزاد. لەپێناوی سەپاندنی ڕەوشتە ئیسلامییەکانی ئێستامان، مافی خۆمانە کە ئەم پرسیارەیان ئاراستە بکەین: ئایا ژیری ئادەمیزاد ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموو خەڵکی موسڵمانی باوەڕدار دەچنە بەهەشتەوە؟ ئەگەر وابێت لەبەرچی خوا بەهەشتی دروست کردووە کە شوێنی ئیمان دارانەو دۆزەخی دروست کردووە کە شوێنی ستەمکارانو بێ باوەڕانن؟ ئایا خوای گەورە فەرموویەتی (إنك لاتهدی من أحببت ولكن الله يهدى من يشاء)[11] بەڕاستی شارەزا بوون ڕێگایە کە لەڕێگاکانی خوا کە لەدینی هەندێك لەئادەمیزادەکاندا هەیە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت (فمن يرد الله أن يهديه يشرح صدره للإسلام)[12] ئیسلام ئادەمیزادی سەر پشك کردووە، ئادەمیزاد سەربەرزەو ئازادە، چونکە خوا دەفەرموێت (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر)[13]

---

[11] سورة القصص/ ٥٦

[12] سورة الانعام/ ١٢٥

[13] سورة الكهف/ ٢٩





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی دووەم
# پێناسەی تیرۆرو تایبەتمەندییەكانی




مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەڕاستیدا بێ توانایی‌ەكی گەورە هەیە لەسەر دیاریكردنی واتای تۆقاندن (مفهوم الإرهاب) بە تایبەتی لەیاسای دەوڵەتیدا، هەر چەندە ئێمە چەند پێناسەیەكی زۆرمان بینیوە لەلایەن پسپۆڕانی دیاری كردنی دروشمەكانی بیرو بۆچوونی واتای تیرۆرەوە. بەڵام لەیاسا سزاییە عەرەبییەكاندا هاو دەنگییەك هەیە لەسەر پێناسەكردنی تیرۆر، بۆیە یەكەم جار ئاماژە دەكەین بەپێناسەی تیرۆر لەلایەنی زمانەوانییەوە، دووەم جار دێینە سەر شیكردنەوەی تیرۆر لەیاسا دەوڵەتییەكاندا. سێیەم، ئاماژە دەكەین بەواتای تیرۆر لەلایەن یاسا ناسانەوە (الفقهاء القانون).

لەكۆتایی ئەم بەشەدا هەڵدەسین بە باس كردنی بیرو بۆچوونی یاسا سزاییە عەرەبییەكان لەسەر تیرۆر.

**پێناسەی تیرۆر ( الارهاب ) لەلایەنی زمانەوانییەوە.**

پسپۆڕانی ئەم بابەتە دەڵێن: بەڕاستی بنەڕەتی وشەی (رەهبە) ناگەڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی، بەڵكو لەزمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، چونكە ئەم وشەیە لێكدراوە لەوشەی ( TERRERE-TERSERE)

واتە دۆخی ئادەمیزادە بە شێوەیەك بلەرزێت یان تەزووی ترس بەگیانیدا بێت[13]

[13] ثامر ابراهیم الجهمانی ـ مفهوم الارهاب فی القانون الدولی ـ دار حوران للطباعة والنشرو التوزیع ـ دمشق ١٩٩٨ ـ الطبعة الاولی ص١٧

بۆیە پێویستە لەسەرمان کە یەکەم جار ئاماژە بکەین بۆ واتا فەرەنسییەکەیی و لەپاشاندا واتاکەی ڕۆشن بکەینەوە لەزمانی ئینگلیزیدا.

وشەی تیرۆر (الارهاب) بە زمانی فەرەنسی بریتییە لە (TERORISME) واتە (ترسێکی زۆر یان تێك چوونێکی بەتین یان ترس) . هەروەها لەسەرچاوە ئەکادیمییە فەرەنسییەکانی ساڵی ١٩٦٤ وا هاتووە کە وشەی تیرۆر لەدوای پەرەسەندنی شۆڕشی فەرەنسییەوە سەری هەڵداوە، بەدیاری کراوی لەساڵی ١٧٩٤دا ١٤ . بە تایبەتی لەدوای وشەی (TERORISM) لەزمانی ئینگلیزیدا هەر وەکو لەفەرهەنگی یاسایی ئینگلیزیدا هاتووە (مەبەست لەفەرهەنگی OELACK) بە واتای ترس یان ئەو حاڵەتەی کە لەمێشکی ئادەمیزاددا پەیدا دەبێت لەترسی ئەوەی کە تووشی زیانو ڕوداوێك ببێت یان بە واتای سەرهەڵدانی دیاردەیەکی دوژمنایەتی یان هەڕەشەکردن دێت[15] بەڵام لەزمانی عەرەبیدا بەواتای بڵاوکردنەوەی ترس لەناو خەڵکدا.

هەروەها لەلای ابن خلدون تیرۆر واتە زۆر جار کەسێکی تیرۆریست کە پەنا دەباتە بەر تیرۆر لەبەر بەدیهێنانی حوکمڕانێتی بۆیە دەتوانین بڵێین : تیرۆر جۆرێکە لەو بڕیارەی کە لەسەر توندو تیژی دروست دەبێت بەبێ هیچ هۆیەك حکومەتەکان یان کۆمەڵانی شۆڕشگێر

[15] سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ١٦





پەنای بۆ دەبەن[16]. ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆز دەبینین کە وشەی تیرۆر بە چەند واتایەکی جیاواز هاتووە.

واتای یەکەم/ بەمانای بڵاوکردنەوەی ترسو لەرز هاتووە وەکو لەسورەتی ئەنفالدا هاتووە کەدەفەرموێت (وأعدو لهم ماستطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم)[17].

واتای دووەم/ بە واتای ملکەچکردن بۆ خوا دێت وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە( إنما هواله واحد فإيي فارهبون)[18].

دەتوانین بڵێین تۆقاندن بە واتای گێرانی خەڵکی بۆ گوێڕایەڵی لەسەر بنەڕەتی خۆشەویستی نەك تەنها بە ترس[19]. بەڵام تیرۆر لەزمانی کوردی بە واتای (تۆقاندن) دێت.

**دووەم: واتای تیرۆر لەیاسای نێودەوڵەتیدا.**

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەش بەشن لەسەر پێناسەکردنی تیرۆر، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: .

١. دژایەتی ئایدیۆلۆجی:. بەشێوەیەك ئەمریکا هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە پێناسەی تیرۆر لەلای ئەوان بریتی بێت لەڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ هێزە ئازادیخوازە نیشتمانییەکاندا، بەڵام لایەنی بەرامبەر وەکو (چین - ڕوسیا - وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان) دەڵێن: تیرۆر بریتییە لەدوور خستنەوەی توانای هێزە ئازادیخوازەکان بە

[16] محمد محدالدين عبد الحميد المختار من صحاح اللغة - المكتبة التجارية الكبرى قاهره ١٩٣٤ الطبعة الثالثة ص ٢٠٣.

[17] سورەت ئەنفال /٦٠

[18] سورەت النحل /٥١

[19] بدائع السلك فى طباع الملك - وزارة الاعلام بغداد ١٩٣٨- الجزء الثانى ص٣٩

تایبەتی فەلەستینییەکان لەگەڵ ڕەوشی تیرۆرداو پێناسە نەکردنی ئەو هێزە ئازادی خوازانە بە کۆمەڵە تیرۆریستییەکاندا.

٢. زۆر بوونی هۆکارەکانی پشت کارە تیرۆریستییەکان وای کردووە کەبژاردنی ئەوهۆکارە هەمەجۆرانە کارێکی گران بێت . چەند بیرو بۆچوونێکی سەرەکی بڕیار دراو هەیە بۆ ئەو هۆکارانە لەڕووی ڕامیارییەوە (سیاسی)یان لەڕووی ئابورییەوە یان لەڕووی بیروباوەڕەوە واتە (دین)یان لەڕووی ڕاگەیاندنەوە. بەتایبەتی لەو لایەنانەی کە مافی بەرەنگاری کردنی داگیرکەر دەگرێتەوە، چونکە بەڕاستی بیرو بۆچوونی ڕامیاری سەردەم لەسەر مافی بەرەنگاری کردنی داگیرکەر داڕێژراوە.

٣. زۆری ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی تیرۆرستەکان، ئەو ڕاگەیاندنانەی کەوایان کردووە دانانی پێناسەیەکی دیاری کراوو هەمە لایەنە بۆ تیرۆرکارێکی گران بێت.

لەبەر ئەوەی کە ئامڕازەکانی توندو تیژی لەشێوەو وێنەکانیدا دەردەکەوێت، چونکە تیرۆرستەکان ئامڕازەکانی زانستی نوێ بەکاردەهێنن لەپێناوی هێنانە دی ئامانجەکانیاندا[٢٠].

لەبەر پێدانی مانایەکی تەواو بە واتای تیرۆر لەیاسای نێودەوڵەتیدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەم چەمکە بکەین لەلای کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم)و پاشان لەلای دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان واتە لەلای دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا چونکە دروشمەکانی تیرۆر

[٢٠] جلال محمد الخطیب ـ جرائم الارهاب الدولی. مجلة ڕۆشنبیری کوردستان یصدرها مرکز الثقافی الشعبی الکوردستان العدد ٩٠ تموز ٢٠٠٢ـ ص١٨٦





ئاشکرانەبوو لەلای کۆمەڵەی گەلان لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون لەپێدانانی واتایەکی ئاشکرا بە ووشەی دوژمنکاری (عدوان). چونکە دوژمنکاری شێوەیەکە لەشێوەکانی تیرۆری نێودەوڵەتیو لەبەر ئەوە دەگونجێت بووترێت کە کۆمەڵەی نەتەوەکان نەیان توانی بگەنە یەک لاکردنەوەی دیاردەی تیرۆر بە شێوەیەکی ئاشکراو هەندێ لەبڕیارەکانیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لێدانی هەر وڵاتێك بە بۆمب، کارێکی ڕێگە پێنەدراوە، واتە کارێکی ناڕەوایە ئەمە لەکاتێك ئەگەر ئەو ڕێگە پێدانە ببێتە مایەی تیرۆری دانیشتوان ، بەڵام لەژێر سایەی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان توێژینەوەو خوێندنەوەیەکی تەواو دانرا بۆ شیکردنەوەی ڕووبەڕوونەوەی تیرۆر.

چەند شیکردنەوەیەك پێشکەش کرا سەبارەت بە دیاری کردنی کارە تیرۆرستییەکانو دواتر ئەم دیاردەیە بەوە پێناسە کرا کە (ئەو کارە تاوانانەن کە ڕووبەڕووی دەوڵەت دەبێتەوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس لەناو جەرگەی دانیشتواندا، ئەمەش لەبەندی دووەمی بابەتی یەکەمی تایبەت کراو بە پێکهێنانی لیژنەیەك لەشارەزایان کە کارەکانیان بریتییە لەشیکردنەوەی دیاردەی تیرۆردا هاتووە، لەبەر بێ توانایی ناکۆکی لەسەر پێناسەیەك بۆ تیرۆر لەلای جیهان). باڵوێزی ئەمریکی مایکل شیهات کە ڕێکخەری کارەکانی ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر بوو، سێ پێناسەی پێشکەش کرد کە بریتین لەمانەی خوارەوە: ـ

١ـ وشەی تیرۆر بەواتای توندو تیژی دێت کە خاوەنی چەند هاندەرێکی ڕامیارییەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو بەبێ هیچ هۆیەك

ئەنجام دەدرێت لەدژی ئەو ئامانجانەی کە شەڕاوی نین، ئەمەش لەلایەن کۆمەڵانێکەوە کە شوێنکەوتووی کۆمەڵێکن خوازیاری نەتەوەیی نینو سەرەکی نین لەناو خەڵکدا یان بەکرێگیراون لەئاستی گەورەکاندا ،مەبەستیش لەو کارە بریتییە لەکاریگەری کردن لەسەر خەڵکی.

٢ـ بریتییە لەتیرۆری نێودەوڵەتی، بە واتای تیرۆرێك کە دێتو دەچێت بەسەر زۆرینەی هاوڵاتیانی چەند شونێك لەیەك شاردا.

٣ـ بریتییە لەو کۆمەڵەی کە تیرۆرستن، مەبەست[21] لەو کۆمەڵە کەسەیە کە ڕاهێنان دەکەن لەسەر تیرۆری نێودەوڵەتی.

**سێیەم/ پێناسەی تیرۆر لەلای یاسا ناسان.**

جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان توێژەرەکاندا سەبارەت بە واتای تیرۆر، لەداهاتوودا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو. مامۆستا (ویلکیسون) پێناسەی تیرۆر دەکاتو دەڵێت: تیرۆر بریتییە لەبەرهەمەکانی توندوتیژیو ڕۆچون، ئەو ڕۆچونەی کە هەڵدەستێ بە تاوان کردن لەپێناوی گەیشتن بەو ئامانجە ڕامیاریە دیاریکراوانەی کە لەپێناویدا هەموو بیروباوەڕەکانی مرۆڤو ڕەوشەکانی ئادەمیزا دەکرێت بە قوربانی.

هەروەها (واردلۆ) دەڵێت پێناسەی تیرۆر بریتییە (لەبەکارهێنانی توندو تیژی یان هەڕەشەکردن لەلایەن کەسێکەوە یان کۆمەڵێکەوە کە کار دەکەن لەبەر بەرژەوەندی حکومەت یان دژی حکومەت).

[21] انترنیت www googlecom /20/ 12/ 2005





لەکاتێکدا کە (نبیل حلمی) پێناسەی تیرۆر بەوە دەکات کە بریتییە (لەبەکارهێنانێك کە ڕێگەی پێ نەدراوە، جا بۆ توندو تیژی بێت یان بۆ هەڕەشەکردن بێت ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێکەوە یان وڵاتێکەوە دژ بەکەسێك یان کۆمەڵێك یان وڵاتێك کە ترسی لێدەکەوێتەوەو گیانی ئادەمیزادەکان ڕووبەڕووی نەمان دەکاتەوە)[22].

یان بریتییە لەهەڕەشەکردنی ئازادییە ڕامیارییەکا،ن مەبەستیش لەمە بریتییە لەقوربانی خستنە سەر ئەو کۆمەڵە یان ئەو وڵاتە تا ڕەوشتی خۆی بگۆڕێت بۆ هەر بابەتێك بێت.

توانایەکی زۆر خرایە گەڕ لەپێناوی دانانی پێناسەیەك بۆ تیرۆری نێودەوڵەتی، کە کۆنگرەی یەکەم کە بەسترا بە مەبەستی یەکگرتنەوەی یاسای تاوان، (ئەم کۆنگرەیە لەشاری وارشۆی پۆڵەندی لەساڵی ١٩٣٠ بەسترا) سێ پێناسەی خستە ڕوو کە بریتین لە: ـ

١ـ پێناسەی یەکەم: پێناسەی زاناو پرۆفیسۆر (سونیل)ە کە دەڵێت: تیرۆر (واتە کاری تاوان، ئەو کارەی توندو تیژی یان ترسی لەگەڵدایە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاری کراو).

٢ـ زاناو پرۆفیسۆر (لیمکن) دەڵێت: تیرۆر بریتییە لەو کارەی کە لەسەر ترساندنی خەڵکی ڕاوەستێت ئەمەش لەبەر بەشداری کردن لەکارە توندو تیژەکاندا.

٣ـ بەڵام زاناو شارەزا (جیفا نوفیتش) دەڵێت: تیرۆر بریتییە لەو کارانەی کە لەسروشتی خۆیدا هەڵگیرسێنەری هەست کردنە

[22] حول هذه التعریفات، انظر جلال الخطیب المرجع السابق ص١٨٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەهەڕەشە کردن لەلای هەر کەسێك بێت، کە ئەو هەڕەشەیە ترسی لێبکەوێتەوە بەرەو لەناوچوون بەهەر شێوەیەك بێت.

لەکۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژە بە پێناسەی دکتۆر (صلاح الدین العامر) دەکەین سەبارەت بە تۆقاندن، ئەو پێناسەی تیرۆر دەکات بەوەی کە بریتییە لەزاراوەیەك کە لەم سەردەمەدا بەکار دەهێنرێت ، ئەمەش لەبەر ئاماژەکردن بۆ بەکارهێنانی ڕێکخراو بۆ توندو تیژی لەبەر بەدیهێنانی ئامانجێکی ڕامیاریدا، بەشێوەیەکی تایبەتی هەموو کارە توندو تیژەکان کە دەکرێن ڕێك خراوە لەلایەنی ڕامیاری ئەمەش بە ڕاهێنانی ئەو کارانە بەسەر هاولاتیاندا، بە دروست کردنی کەش‌و هەوای نەبوونی ئاسایش[٢٣].

ئێمە کۆدەنگ دەبین سەبارەت بە پێناسەی تیرۆر کە بریتییە لەو کارانەی کە لەڕێگەی توندو تیژییەوە دەکرێت بەمەبەستی سەرهەڵدانی ترس لەلای کۆمەلانی کۆمەلگا. زۆر لەو کارانە دەبنە هۆی لێکەوتنەوەو ڕوودانی کوشتن یان ڕووخانی ماڵەکان.

### چوارەم: پێناسەی یاسایی بۆ تیرۆر

هەندێ لەیاسا عەرەبییەکان کە ئاماژە دەکەن بۆ واتای تیرۆر، تێبینی ئەوەیان تیادا دەکرێت کە نیمچە هاودەنگییەکیان تیادایە لەسەر پێناسە کردنی تیرۆر. هەموویان یەکن لەسەر پێناسەیەك بۆ تیرۆر، ئەو پێناسەیە لەبڕگەی ١٦٨ یاسای سزایی سوری و بڕگەی ١٧ یاسای سزای لوبنانی‌و بڕگەی ١٧٤ یاسای سزای فەلەستینیدا هاتووە

[٢٣] المحامی ثامر ابراهیم الجهانی ـ المصدر السابق ص ١٣٠ ـ ١٣١.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەشێوەیەکە کە هەموویان دەڵێن: مەبەست لەکارە تیرۆریستییەکان هەموو ئەو کردارانەن کە دەبێتە هۆی هێنانە دی حاڵەتی ترس‌و لەرز، ئەو کردارە تیرۆریستییانە لەڕێگەی چەند هۆکارێکەوە ئەنجام دەدرێت ، وەکو ئالەتەکانی تەقینەوە وئەو شتانەی کە زوو گڕ دەگرێت، هەروەها بە بۆمب و موشەك‌و چەکە ئاگرییەکان‌و بەرهەمە ژەهراوییەکان‌و سوتێنەرەکان و ئەو میکرۆبانەی کە لەخۆیدا نەمانێکی گشتی دروست دەکەن. لەکۆتایی ئەم بەشەدا، پێویستە ئاماژە بکرێت بۆ ئەو پێناسەیەی کە لەبڕگەی یەکەمی یاسای فەڕەنسیدا هاتووە کە لەساڵی ١٩٨٦ ولەمانگی سێبتەمبەردا دەرچووە، ئەم بڕگەیە دەڵێت: تاوانە تیرۆریستییەکان، بریتین لەو تاوانانەی کە تاوانبار ئەنجامی دەدات بۆ جێبەجێکردنی کارێکی ڕێگە پێ نەدراو، ئیتر ئایا کەسێك بە تەنها پێی هەڵسێت یان بەشێوەی کۆمەڵ بەمەبەستی شکستهێنانی بەرامبەر ورووژاندنی ترس‌و شڵەژاندن لەناخی مرۆڤدا. لەڕاستیدا یاسا دانەران تاوانەکانی تیرۆریان کردووە بە سێ جۆرەوە: ـ

جۆری یەکەم:ـ تاوانەکانی هێرش کردن بۆ سەر ئادەمیزاد، ئەمەش وەکو کوشتن‌و لێدان.

جۆری دووەم:ـ بریتییە لەتاوانەکانی هێرش کردن بۆ سەرسەروەت سامان.

جۆری سێیەم:ـ ئەو تاوانەن کە دەبێتە هۆی گەشەکردن یان دروست بوونی کۆمەڵێکی تاوان بار.

تاوانە تیرۆریستییەکان بۆ دوو ڕەگەزی سەرەکی جیا دەبنەوە:

یەکەمیان: بەو کارانەی کە دیارن،

دووەمیان: بەو کارانەی کە دیار نینو شاراوەنو دەبنە هۆی وەرچەرخاندنی خەڵکەکە بۆ کردنی ئەو تاوانەی کە دەبێتە هۆی وروژاندنی ترس لەناخیاندا[٢٤].

## تێبینییەکی گرنگ

ئێمە بەباشمان دەزانی کە یاسا ناسانی عیراقی پێناسەیەکیان بۆ تاوانی تیرۆربکردایە لەیاسای سزای عێراقیدا ، چونکە یاسای سزای ئێستا لەدیاری کردنی مەبەست لەتاوانی تیرۆردا ، بێ وتەیە .

کاتێ یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ دەرچووە هیچ کارێکی تیرۆرستی نەبووە لەعێراقدا. یاسا دانەری عێراقی ئەم یاسایەی بۆ ئەوە دانا کە تایبەت بێ بەو تاوانانەی کە دەکرێت ، واتە ئەو تاوانانەی کە لەو کاتەدا هەبووە ، بەلأم لەکاتێکدا یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەرچوو کە کارە تیرۆریستییەکان پەرەی پێدەدرا ، هەتا وای لێهات کە ئەم تاوانانە دەست بکات بە هەڕەشەکردن لەپێکهاتەکانی عێراقو وڵاتانی ترو ورێژەی ئەم تاوانانە پەرە بسێنێ ، بۆیە ڕووبەڕوونەوەی تاوانە تیرۆیستییەکان وای کرد کە یاسا دانەری عێراقی ناچار بکات بە دەرکردنی یاسایەك کەتایبەت بێت بە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆریستییەکان، ئەو تاوانانەی کە پێیان دەوترێت تاوانە تۆقێنەرەکان و بەوە پێناسەی کردووە کە

---

[٢٤] الدكتور احمد سعيد الزقرد - تعويض الاضرار الناشئة عن الجرائمه الارهابية مجلة الحقوق الكويتية السنة الحادية والعشرون العدد الثالث سيبتمبر ١٩٩٧ ص١٥١





بریتییە لەهەر کردارێکی تاوان کە تاکە کەسێك یان کۆمەڵێك کەسی ڕێکخراو کەسێك یان کۆمەڵێکیان بەنیشانە دانا کە لەناوی بەرن یان ویستیان دامو دەزگا سەرەکییەکان وێران بکەن، یان زەرەروو زیانێکی زۆری گەیاندە کەلو پەلە گشتییەکان، تایبەتییەکان بە مەبەستی لەق کردنی باری ئاسایشو ئارامیو ڕووخاندنی یەکێتی نیشتمانی وڵات، یان ترس خستنە ناو دڵو دەروونی خەڵکی، یان وروژاندنی بێ یاسایی لەبەر بەدیهێنانی مەبەستە تیرۆرستییەکان بەلأم یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تۆقێنەرەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق، پێناسەی ئەو تاوانانەی نەکردووە، بەڵکو سنورێکی داناوە بۆ ئەو کردارانەی کە تاوانێك لەتاوانەکانی تیرۆر پێك دەهێنێتو سنوری سزاکەیشی داناوە. هەروەها ئەو کەسەی دیاری کردووە کە بە بکەری سەرەکی ئەو کارە تاوانە تیرۆریستییە دادەنرێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە بەشداری ئەو کارە دەکات، هەروەها کردنی هەر تاوانێك لەتاوانە تۆقێنەرەکان، ئەو تاوانانەی کە دەقی لەسەر هاتووە لەویاسایەدا، لەدەرکەوتنی حاڵەتێکی توندو تیژ گێڕاوەو ناوبراوە، هەروەها تاوانی تیرۆر لەو تاوانە دادەنرێت کەوا دەبێتە تێکدانی ناموسو نەمانی پیرۆزی.

هەروەها لەهۆکارەکانی پێویست بوونی دەرکردنی ئەم یاسایەدا هاتووە کەوا بەڕاستی تیرۆر بووە بە دیاردەیەکی جیهانی ترسناك بە مەبەستی ترس خستنە ناو خەڵکی یان بەمەبەستی بەها پێدانیان لەگەڵ تێکدانی یاسای گشتیو نەهێشتنی باری ئاسایشی کۆمەڵگاو ئازاردانی خەڵکیو توشبوونی ژیانو سەربەخۆیی خەڵکی بە ترسو

لەرزی ترسناكو لكاندنی زەرەرو زیان بە باری ژیانیانو سەروەتو سامانیان (گشتیو تایبەتی) ئەمەش بە شێوەیەك كە كۆمەڵگای جیهانی هەوڵیداو بەردەوام لەهەوڵداندا بوو بۆ دانانی چەند یاسایەك لەدژی ئەو دیاردە ترسناكەو داواكردنی ئەندامەكان بۆ هاوكاری كردن بەشێوەیەكی لێبڕان لەپێناوی دانانی سنورێك بۆ ئەو دیاردەیەو چارەسەركردنی هۆكارەكانی. ئەمەش بە شێوەیەك كە بەڕاستی هەرێمی كوردستان بەردەوام ڕووبەڕووی ترسی تیرۆر بە هەموو شێوەكانییەوە دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆكاری چەندەها زەرەرو زیانێكی زۆرو گەورە بە گیانی هاوڵاتیان لەهەرێمی كوردستانو كەلو پەلەكان دامودەزگا ڕێگە پێدراوەكان لەبەردەم مەترسیدان لەبەر ئەوە دەركردنی بڕیارێكی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە ترسناكە بە مەبەستی پاراستنی هەموو مافو سەربەخۆییە تاكە كەسییەكانو گشتییەكان، لەجێی خۆیدا بوو.

ئەمەش لەكاتێكدا كە یاسادانەری كورد دەبوایە مەبەست لەكردنی كارە تیرۆرەكان ڕوون بكاتەوەو دیاری بكات لەكاتی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی ئەو یاسایەدا، ئەمەش پاڵپشت بە شوێن كەوتنی یاسا دانەرەكانی تر لەو وڵاتانەی كە یاسای تایبەتیان داناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كاری تیرۆریست نموونەش وەكو وڵاتی ئیماراتو وڵاتانی تر.

لەكاتێكدا وا پێویست بوو كە پێناسەی كاری تیرۆرستی وا بكرێت كە بریتی بێت لەهەركارێك یان قەدەغە كردنێك كەوا تاوانبار پەنای بۆ





دەبات بە مەبەستی جێبەجێكردنی تاوانی تاكە كەسی یان تاوانی كۆمەڵێك كەس كەمەبەست لەو تاوانە ترس خستنە ناو خەڵكییەوە بەهادانە بەو تاوانە.

ئەگەر بێتو خودی ئەو كارانە بۆ لەقاندنی یاسای گشتیو نەمانی ئارامیو ئاسایشی كۆمەڵگاو ئازاردانی خەڵكیو تێكدانی ژیانو سەربەخۆییو ئارامیو ئاسایشیان بێت بە هەموو كەسایەتییەكانەوە كە پاشاو سەرۆكو وەزیرو حكومەت خێزانەكانیان دەگرێتەوە لەگەڵ هەموو فەرمانبەرو نوێنەری سەرۆكی وڵاتو هەموو ڕێكخراوە جیهانییەكانو خێزانەكانیان ئەوانەی كە وا دەژین لەگەڵیاندا.

ئەوانەی كەوا بڕیاری پاراستیان بۆ دراوە بە پێی یاسای جیهانی، ئەوان كە ژیانیان یان یەكێك لەو كەسانەی كە لەگەڵیاندان یان سەروەتو سامانیان (گشتی یان تایبەتی) بە هەر زەرەرێك یان تێكدانی یاساو هەوڵ دان بە مەبەستی دەسەڵات پەیداكردن یان بەمەبەستی تووش بوونی سەرچاوە سروشتییەكان لەحاڵەتی ترسانو كاری لەم شێوەیە بێت دەچێتە خانەی كاری تیرۆریستییەوەو پێویستە چارەسەریان[٢٥] بكرێت بۆ بدۆزرێتەوە.

## تایبەتمەندییەكانی تاوانی تیرۆر

پێویستە یەكلاكردنەوەو هەڵاواردن هەبێت لەنێوان تاوانی تیرۆریستیو تاوانێك كە تیرۆری تیادا نەبێت، چونكە زنجیرەیەك تاوان

[٢٥] انظر المادة الاولى من قانون مكافحة الارهاب رقم ١٣ السنة ٢٠٠٥ علماً بان القانون قد نشر في العدد ٤٠٠٩ من الوقائع العراقية الصادر في ٢٠٠٥/١١/٩

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئـەنجام دەدرێـت کـە هـەردوو جۆرەکـەی لـەناو دایـە و دەبێتـە بـەکارهێنانی کـاری تیرۆرستی لەهەنـدێك لەبازنەکانیـداو کـار دەکاتـە سـەر بەشـەکانی تـری. لەبـەر ئەمـە، پێویـستە لەسـەرمان کـە هەنـدێ پێوانـەو کێـشانو مـەرج دابنرێـت بـۆ هـەڵاواردنی تـاوانی تیرۆریـستی لەتاوانێك کە تۆقاندنی تێدا نییە. باوەڕمان وایە ئەم تایبەتمەندییانـە کـە لـەم پێـنج بـوارەدا بـاس دەکرێـت جـۆری تاوانـەکانمان بـۆ جیادەکاتەوە.

بـواری یەکـەم: بـەکارهێنانی چـەکە سـەربازییەکان لـەکارە تیرۆرستییەکاندا ، چونکە تیرۆریستەکان پـەنا دەبەنـە بـەر تەقەمـەنی بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکانیان، ئەو تاوانانـەی کـە بەرهـەمی خراپـەی گەورەی لێدەکەوێتەوە. کاری تیرۆریستی لەزۆر کاتدا پـشت دەبەسـتێت بەو کارانەی کە سنوری دیاری کراوی نییە ئەمەش وەکو بـەکارهێنانی ئەو کارانەی کە خەڵکی پەرش و بڵا و دەکاتەوە، هەروەها بـەکارهێنانی هۆکارەکـانی تەقینـەوە لـەناو کۆمـەڵانی خەڵکیـدا بەشـێوەیەك کـە ناتوانرێت پێناسەی کوژراوەکان تیایدا بناسرێتەوە زۆرجار قوربانی لەتاوانە تیرۆریستییەکاندا منـداڵ یـان کەسـێکی بـە تەمـەن یـان ژنێـك دەبێـت، لەبـەر ئـەوە دەتـوانین بڵـێن: کـە یەکـەم تایبـەتی لەتاوانـە تیرۆریستییەکان بریتییـە لەکاریگـەری لەسـەر بـیرو بۆچـوونی گـشتیو بەدیهێنانی ئەو بەرهەمانەی کە نیشانە کراون. لەبەر ئەوە هەر کاتێك پاشماوەی ئەو کارانە جەرگ بڕ بـنو زەرەرەکان زۆر بـن، ئـەوا دەنـگو کاریگـەری کـارە تیرۆریـستییەکان فـراوان دەبێـت. تایبەتمەندییـەکانی تیرۆر لەبـەر ئەوەیـە کـە بڕگـەی یەکـەمی یاسـای ڕووبەڕووبوونـەوەی





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تاوانە تیرۆریستییەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: کەوا سزا دەدرێتبە لەسێدارەدانی ئەو کەسەی کـەوا تـاوانی بـەکارهێنانی ئـەو شـتانەی کـە دەبێتە مایەی بڵاوکردنەوەی خەڵکی یان بـەکارهێنانی تەقەمـەنی یـان سـوتاندن یـان ئـەو شـتانەی کـە زوو گـڕ دەگـرن یـان بـەکارهێنانی ئامێرەکان بە مەبەستی تێکدان یان ڕووخاندن لەڕێگەی تەقاندنـەوەی ڕاسـتەوخۆ یـان بـە هـۆی ئـامێرێکی فـەرمانپێکردن لـەدوورەوە یـان لەڕێگـەی تەقاندنـەوەیان چـاندنی بـۆمبی وێرانکـەر یـان لەرێگـەی فڕێـدانی ئـامێری تەقاندنـەوە بـە هـەموو شـێوە جیاوازەکانیـەوە یـان لەڕێگـەی پـشتێنی تەقاندنـەوە بـە هـەموو شـێوە جیاوازەکانیـەوە یـان لەڕێگـەی نامـەی بۆمبڕێـژکراو یـان لەڕێگـەی گـازە ژەهراوییـەکان یـان لەڕێگەی بەکارهێنانی ڤایرۆسی ئەو شتانەی کە پرژ دەداتەوە.

ئەمانەش لەکاتێکدا ئەگەر ببێتە مایەی مردنـی ئـادەمیزاد، بـەڵام ئەو کەسەی کەوا دەست دەکات بە بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە دەبێتە مایــەی بڵا وکردنــەوەی خــەڵکی یــان بــەکارهێنانی تەقەمــەنی بــە مەبەستی تێکدان یان بە مەبەستی کۆبوونـەوە لەگەڵ دوژمنـانی گـەلی کوردسـتاندا کـە بەکارهێنانـە بەشـێوەیەك بێـت کـە لەخۆیـدا ببێتـە مایەی تووش بوونی ژیانی هاوڵاتیان بە ترس یان ببێتە مایەی تـووش بوونی زەرەرێکـی بـە ئـازار بـە ئـادەمیزاد یـان ببێتـە مایـەی مردنیـان، هەروەها دەست بکـات بـە کردنـی هـەر کارێـك لـە کـارە تاوانـەکان ئـەو کارانـەی کـە دەقـی یاسـای لەسـەر هـاتووە لەهـەردوو بڕگـەی یەکـەمو دووەمی ئەم یاسایەدا، ئەوا ئەو کەسە سزا دەدرێت بـە مانـەوەی هـەتا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەتایی لەگرتووخانەدا[٢٦] هەروەها برگەی چوارەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تۆقێنەرەکان لەعێراق ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت ئەو کەسەی کە خودی خۆی هەستێت بە کارێکی تیرۆرانە یان بەشدار بێت لەکردنی کارە تیرۆریستییەکاندا ئەوا :-

١ـ ئەوەی بەکردەوە هەر کارێکی تیرۆریی ئەنجام دابێت یاخود هاوبەشی کەسێکی کردبێت لەئەنجامدانی هەر کارێکی تیرۆر کە لەماوەی دوو، سێی ئەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەوا سزا دەدرێت بە لەسێدارەدان.

هەروەها ئەو کەسانەی هاندەرو پلان دانەرو دابین کەری دارایینو هەموو ئەوانەی توانای ئەنجامدانی ئەم تاوانە بە تیرۆریستان دەبەخشن. کە لەو قانونەدا هاتووە. بەهەمان شێوەی بکەرە بنەڕەتییەکە سزا دەدرێت.

٢ـ ئەو کەسەی بەدەستی ئەنقەست کارێکی تیرۆری یان کەسێکی تیرۆریست دەشارێتەوەو پەنای دەدات، سزا دەدرێت بە بەندکردنی هەتا هەتایی لەو کارانەی کە هاتووە لەبرگەی دووەمو سێیەمی ئەم یاسایەدا

بواری دووەم: دەنگ دانەوەی ڕاگەیاندنی فراوان کە ببێتە لێکەوتنەوەی کاری تیرۆریستی، چونکە زۆربەی ئامێرەکانی ڕاگەیاندن پشت پێ بەستراوبێت یان دژایەتی کەر بێت لەسەر بەخشینی وەڵام دانەوەی کارە بەپەلەکان، پاشماوەیەکی دەروونی لەگەڵدایە بۆ جێبەجێکردنی کاری تیرۆرستی زۆر کات ئەم وزەی ڕاگەیاندنە، دەبێتە

[٢٦] انظر المادة الثالثة.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

هۆی ئاشکرا کردنی کاری تیرۆریستی بەشێوەیەکی گەورەتر لەقەوارەی خۆی، وەك ئەوەی کە ئێستا لەعێراقدا ڕوو دەدات.

ئەم کارانە زۆر بەئاشکرا لەکەناڵە فەزاییەکاندا دەردەکەوێت کاتێك لەچاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆو بە پەلە لەگەڵ قوربانییەکاندا یان کاتێ ژمارەی کوژراوو بریندارەکان بڵاودەکەنەوە ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خوێناوییە، ئەمە لەبەر نەبوونی ئاسایشو لاوازی زاڵ بوون بەسەر لایەنە ئارامییەکاندا. لەبەر ئەوەیە کەبەشی چوارەم برگەی پێنجەمدا لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تۆقێنەرەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هاتووە: ئەو کەسەی کەوا برەو دەدات بەو بیرو بۆچوونە ڕۆچووانەی کە لەخۆیدا دەبێتە بڵاوکردنەوەی بیری تیرۆر یان دەبێتە هۆکاری تیرۆر لەکۆمەڵگا یان هەر لەخۆیدا چەند هەواڵێك یان چەند ڕۆشنکردنەوەیەکی درۆ بڵاودەکاتەوە یان چەند ڕۆشنکردنەوەیەکی ڕقو کینە بڵاودەکاتەوە یان شتێك کە ببێتە مایەی تیرۆر، یان هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ببیننو ببیستنو ئەلکترۆنییەکانی بەکارهێنا بۆ تیرۆر، یان چەندڕۆشنکردنەوەیەك لەئەنتەرنێت بڵاو بکاتەوە کە بگاتە سنوری هاندان لەسەر تیرۆر، ئیتر ئایا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ببێتە مایەی تێکدانی باری ئاسایشی گشتیو بڵاوکردنەوەی ترس لەنێوان خەڵکدا یان ببێتە مایەی هەڕەشەکردن لەپێکهاتە رامیارییەکانی هەرێم، ئەو کەسانە سزا دەدرێن بەگرتن بۆ ماوەیەك کە لەپانزە ساڵ زیاتر نەبێت.

بواری سێهەم : تیرۆر وەك هۆکارێك بەکاردێت بۆ یەکلاکردنەوەو ساغکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ هەندێ لەکۆمەڵە توندڕەوەکاندا، بە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تایبەتی لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئیسلامییە سەلەفییەکاندا بە سەرۆکایەتی بن لادن کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەم یەکلاکردنەوەیەدا پشت دەبەستێت بە بنەمای (جەنگی دژە تیرۆر) ئەم جەنگەش لەدوای ڕوداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە دەستی پێ کرد لەوڵاتە یەکگرتوەکاندا. ئێمە چەند دیاردەیەکی جیاواز بە دی دەکەین لەئیسپانیاو وڵاتە ئاسیاوییەکاندا وەکو مالیزیاو سعودیەو ڕوسیا، سیاسەت مەدارانی ئەمریکا بەڕاشکاوی ئاشکرایان کرد کە شەڕ لەناو ئەمریکادا دەگوێزنەوە بۆ عێراقو ئەفغانستان.

بواری چوارەم: بوونی پارەی وڵاتان بۆ کارە تیرۆریستییەکان، لەبەر ئەوەی تیرۆریستییەکان لەسەر هێزێکی بەهێزو گەورە دەوەستن کە پشت ئەستورە بە پارەو چەکو زانیاری گواستنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لەپشت ئەم کارانەوە کۆمەڵێك هەن کەوا ئەم کارانە دەکەن ، چونکە داخوازییەکانیان بۆ بەجێهێنانی کارە تیرۆرستییەکان لەتوانای ئادەمیزاد دەردەچێت. ئێمە باوەڕمان وایە کە هەموو کارێکی تیرۆرستی پێك دێت لەسێ ڕەگەز.

١- بوونی فەرماندەیەکی بنکەیی کە نەخشە دەکێشێت بۆ ئەو کارانە کە بەئەقڵێکی پلان دانەر دادەنرێ بۆ ئەو کارە تیرۆریستانە. لەبەر ئەوە، هەموو کارێکی تیرۆریستی دروشمەکانی تاوان ئاشکرا دەکات مەبەستی لەو تاوانانەیە کە بەرنامەی بۆ دانراوەو ڕێکخراوە.

٢- بوونی توانای سەروەتو سامانی گەورە کە کار دەکات بۆ بەدیهێنانی تاوانەکانو جێبەجێکردنی کارە تۆقێنەرەکان بەشێوەیەك





مەکتەبی بیروهۆشیاری

کە پارەیەکی زۆر شاراوە هەیە کە دەکرێت بەیەکێك لەدروشمەکانی تاوانە تیرۆرستییەکان دابنرێ.

٣- بوونی جێبەجێکەران کە هەڵ دەستن بەکارە تیرۆریستییەکان، ئەمانەش کۆمەڵێکن لەو گەنجانەی کە تەمەنیان لەنێوان ١٥، تا ٢٥ ساڵدایەو زۆربەیان دەناڵێنن بە دەست هەژارییو بڕوا نەبوون بە خۆیانو بیرو هۆشیان زۆری لێکراوەو مێشکیان بەشێوەیەك شۆراوەتەوە کە ببنە هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی کارە تیرۆریستییەکان.

ئێمە دەنگدانەوەی ئەم کارانە لەو حاڵەتانەدا دەبینین کە خۆ کوژەکان هەڵدەسن بە قوربانی کردنی خۆیان لەعێراقدا لەڕێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژکراوەکانەوە ، دەشزانن کە کۆتاییان مردنێکی بێ گومانەو هیچ دەرچوونێك نییە بۆیان.

لەبەر ئەوەیەکە بڕگەی دەیەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆریستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەڵێت: ئەو کەسە بەبکەری ڕاستی دادەنرێت بۆ تاوانی تیرۆر ئەگەر هاتوو بە تەنها هەست بە کردنی ئەو تاوانە یان دەستی هەبوو لەکردنی هەرکارێك لەو کارە پێکهاتووانەی کە تۆقێنەرن یان پاڵنەری کەسێك بوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانە، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بەرپرس نەبوو لەکردنی ئەو کارەدا، هەروەها ئەگەر هاتوو هانی کەسێکیدا بەکردنی ئەو کارانەو بوو بەهۆی تێوەگلانی بەپێی ئەو ڕێکەوتەوە ئەمەش بەمەستی ڕێگەگرتن لەبەردەم ئەو کەسەی کە هانی کەسێکی تر دەدەن بۆ کردنی تاوانی تیرۆریستی، چونکە ئەو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەسە بەبکەری سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەو تاوانەو سزا دەدرێت بە وێنەی سزاکەی خۆی.

هەروەها بڕگەی یازدە دەڵێت: هەر کەسێك بەشداری بکات بەشێوەیەك کە بکەری ئەو کارەیە یان هاوبەشی ئەو کارەبێ یان هاندەری کردنی کارە تیرۆریستییەکانی ئەو کارانەن کە لەم یاسایەدا هاتووە، ئەوا سزادەدرێن بەو سزایەی کە بڕیاری لەسەر دراوە..

لێرەدا یاسادانەر سزای ئەو کەسەی کەوا هاوبەش یان هاندەرن لەسەرکردنی ئەو کارانە دەدات وەکو سزای ئەو کەسەی کە بکەری سەرەکی ئەو کارانەیە. ئەم بڕیارەی کە لەم یاسایەدا هاتووە لەبەر ترسناکی ئەو کارانەیە، هەروەها یاسا دانەر سزای ئەو کەسەی کەوا یارمەتی تیرۆریستەکان بدات، ئەوا سزا دەدرێن بە مانەوەی هەتا هەتایی لەگرتوخانەکاندا. ئەم سزایەش بەستراوە بە چەند حاڵەتێکی دیاری کراوەوە کە دەقی بڕگەی دووەمی ئەم یاسایە باسی دەکات، حاڵەتەکانیش ئەمانەن:

١ـ تێکدان یان ڕووخاندن یان لەناوبردن یان بەدیهێنانی زەرەروزیانێکی گشتی یان تایبەتی مەبەست کراو بە پرۆژەو دامودەزگاو سەروەتو سامانە گشتیو تایبەتییەکانی فەرمانگەکانو بەرژەوەندییەکانی حکومەتو شوێنە گشتییەکانو لایەنەکانو ئەو ئەنجومەنانەی کە باوەڕ پێکراون لەلایەن یاساوە یان ڕووخاندنی یەکێك لەشوێنە گشتییەکانی نەوت و بەرهەمەکانی هەرێمو بنکەکانی بەرهەم هێنانی کارەباو ئاوو شوێنەکانی ڕۆشتنو مانەوەی ئاوو لەگەڵ شوێنە گشتییەکانی کۆبوونەوەو خواپەرستی و ئەو شوێنانەی کە




مەکتەبی بیروهۆشیاری

جەماوەر تێیاندا هاتووچۆ دەکات یان لەناوبردنی هەر سەروەتو سامانێك کە گرنگییەکی گەورەی هەیە لەئابووری نیشتماندا بە مەبەستی جوڵاندنی باری ئارامیو جێگیربوون لەهەرێمدا.

٢ـ لەکارخستنی ڕێگاکانی گەیاندنو ئامێرەکانی کۆمپیوتەر تێکدانی شەبەکەکانی یان ئاڵۆزکردنی دەنگەکانیان یان تۆمارکردنی زانستو ڕۆشنکردنەوە تیاندا بەمەبەستی ئاسان کردنی هەستان بە کردنی کارە تیرۆریستییەکان.

٣ـ ئاسانکردنی هاتنو دەرچوونی تیرۆرستییەکان بۆ هەرێمەکانو دابین کردنی شوێن بۆ مانەوەیان یان بۆ شاردنەوەیان یان یارمەتی دانیان بە هەواڵو زانیاری ئەو زانیارانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ دانانی پلانو دەستپێکردن بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکان لەگەڵ بوونی زانیاری کە ئەو تاوانانە دروست نییە.

٤ـ پێشکەش کردن یان کۆکردنەوە یان گواستنەوە یان ئاڵو گۆڕکردنی سەروەتو سامان بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەناوەوەو لە دەرەوەی هەرێمدا بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو سەروەتو سامانە بۆ کردنی تاوانە تیرۆریستییەکان.

٥ـ خۆخستنە لای هەر ڕێکخراوێك یان هەر ئەنجومەنێك یان هەردامودەزگایەك یان هەر کۆمەڵێکی یاخی بوو یان هەر بنکەیەك یان هەر کۆمەڵێك کە خەریکی تیرۆرن ئەمە ئەگەر بێتو ئەو کەسە یەکێك بێت لەو کەسانەی کەوا لەڕیزی هێزە چەکدارەکاندا بێت لەهەرێمدا. یان یەکێك بێت لەپاسەوانەکان یان پێشمەرگە بێت یان ئاسایش بێت یان پۆلیس بێت یان یەکێك بێت لەو کەسانەی کە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**لەخاڵەکانی گومرك ئیش دەکەن هەروەها ئەگەر هاتوو تاوانبار خەریکی ڕاهێنانی سەربازی یان ئاسایش بێت لەلای یەکێك لەو ڕێکخراوانەدا.**

**٦ـ ڕاهێنانی کەسێك یان زۆرتر لەسەر بەکارهێنانی چەك یان هۆکارەکانی گەیاندن یان فێرکردنی هونەرەکانی شەڕ یان هۆکارەکانی جەنگ بە مەبەستی سازدان لەسەر کارە تیرۆریستییەکان.**

**٧ـ یارمەتی دان لەگەڵ وڵاتێکی بێگانە یان هەر ڕێکخراوێك یان هەر ئەنجومەنێك یان هەر کۆمەڵێکی یاخی بوو یان بنکەیەك یان کۆمەڵێك لەدەرەوەی هەرێم یان کاری چەکداری یان هەر شتێکی تر بە مەبەستی هەستان بە کردنی هەرکارێك لەو کارە تیرۆریستانەی کەوا ووتراوەو دەقی لەسەر هاتووە لەو یاسایەدا.**

**بواری پێنجەم/ تاوانە تیرۆرییەکان بەوە جیا دەکرێنەوە کە تەکنیکی نوێ بەکار دەهێنن بەشێوەیەك کە دەوڵەت لەجەنگێکی تەقلیدی ناگلێنن، بەڵکو دەوڵەت ڕووبەڕووی هەندێ کاری تاوانکاریانە دەبێتەوە کە چەند کەسێکی دیاری کراو جێبەجێیان دەکات. لەم جۆرە تاوانانە لەکوردستاندا ڕوویدا، کاتێك کەتاوانباران هەستان بە قۆستنەوەی ئاهەنگە ئاینییەکان بە جێبەجێکردنی کارە تیرۆریستییە خۆکوژییەکانیان، لەناو ئەو شوێنانەی کە خەڵکی تیایا کۆببونەوە بۆ گێڕانی ئاهەنگی ئایینیو نیشتمانی.**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی سێیەم
# پایەکانی تاوانی تیرۆر





مەکتەبی بیروهۆشیاری

خاوەن تویژینەوەکان لەناو خۆیاندا هاودەنگ نین لەسەر ژمارەی پایەکانی ئەم تاوانانە. هەندێکیان وا دەبینن کە پێویستە ئەم چوار پایەیەی خوارەوە لەم جۆرە تاوانەدا هەبێت:-

أ ـ پایەی یەکەم بەکارهێنانی هێزی توندو تیژی.

ب ـ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی تاوان کاری چ لەلایەن تاکە کەسێکەوە بێت یان لەلایەن کۆمەڵێکەوە بێت

ج ـ دەبێت مەبەست لەو جۆرە تاوانە بریتی بێت لەتێکدانو لەفکردنی سیستەمی گشتی وڵاتو بڵاوکردنەوەی ترسو لەرز لەناو هاوڵاتیاندا.

و ـ مەبەست لەکاری تیرۆر ئازاردانی خەڵکە.

ئێمە پێمان وایە سێ پایەی سەرەکی بوونی هەیە:-

### پایەی یەکەم: پاڵنەرەکانی تیرۆر

تیرۆریستان مەبەستیان بڵاوکردنەوەی ترسە لەلای زۆرینەی خەڵکی، ئەمە لەدوای هەستان بەکردنی ئەو تاوانە تیرۆرییانە. یاسا ناسانی تاوانەکان لەزۆربەی وڵاتەکاندا دەڵێن: بەڕاستی کارە تیرۆریستییەکان بریتییە لەو کارانەی کە دەبنە هۆی دروست بوونو هێنانە دی حاڵەتی ترسو لەرز[٢٧]

مەبەست لەحاڵەتی ترس واتە ترسێکی زۆر بەشێوەیەك کەشوێنی خۆی بکاتەوە لەدەروونی هاوڵاتیاندا. لەو تاوانانەیش وەکو: تاوانەکانی دزی بە کۆمەڵ و فڕاندن کە ڕۆژانە لەژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات.

---

[٢٧] مجموعة محضرات القاها الدكتور محمد معروف عبداللة على طلبة الدكتورا في كلية القانون جامعة كويه ، سنة ٢٠٠٤

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە یاسا ناسانی تاوانەکان هیچ بایەخیان نەداوە بەو هۆکارانەی کە دەبێتە زیندوکردنەوەی ئەو تاوانانە لەکاتی ڕوودانیدا تەنها لەچەند حاڵەتێکدا نەبێت وەکو تاوانە ڕامیارییەکان (الجرائم السیاسیة)، ئەم جۆرە تاوانانە بە هۆی هۆکارێکی ڕامیارییەوە ئەنجام دەدرێت یان دەکەوێتە سەر شانی باری سیاسی بە گشتی. بەڕاستی دەبێت ئەوە بزانرێت کە لەبڕگەی دووەمی بابەتی یەکەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆریستییەکانەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە ئاشکرا ئەوە هاتووە کە دەڵێت: ئەو تاوانبارەی کە تاوانی تیرۆرکردن دەکات ئیتر ئایا لەبەر هۆکاری ڕامیاری یان ئایینی یان (ئایدۆلۆژی)یەوە بێت ، سزا دەدرێت بەسزای لەسێدارەدان لەبەر ئەوەی کە هەندێ جار ئەو تاوانە تیرۆریستییانە بەهۆی هاندەری ڕامیارییەوە دەکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسا دانەری کوردستان ڕێگە نادات بە تیرۆرکردن لەبەر هۆکاری ڕامیاری یان ئایینی یان ئایدۆلۆژی ئەمەش لەبەر ئەو هەڵاواردنەی کە هاتووە لەیاسا سزاییە شوێن کەوتووەکاندا ، واتە ئەو یاسایانەی کە هاندەرەکانی تیادا وەردەگیرێت وەك هاندەرێك.

لەبەر ئەوەیە کە دەبینین یاسا دانەری عێراقی ئەژماری ئەو کارە تیرۆریستییانەی کەکراوە بەوە دیاری دەکات کە تیرۆریستین و مرۆڤی لەسەر سزا دەدرێت، ئەمەش لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە، لەبەر ئەو ووتەیەی کە لەبڕگەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە کەوا ئەم کردارانەی خوارەوە دادەنرێت بەکاری تیرۆریستی ئەمانەن: -





١ـ توندو تیژی یان هەڕەشەکردن، ئەو هەڕەشەیەی کە دەبێتە هۆی ترس لەناو خەڵکدا یان دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر ژیان و سەربەخۆیی و ئاسایشی خەڵکی هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی سەرەتاو سامان و شتومەکی خەڵکی ئیتر ئایا هاندەرەکان و مەبەستەکانی ئەم کارانە هەرچی بێت و ببێتە هۆی جێبەجێکردنی کارێکی تیرۆریستی ڕێکخراوی تاکە کەسیی یان کۆمەڵێك کەس.

٢ـ بەکارهێنانی توندو تیژی یان هەڕەشە کردن لەتێکدان یان ڕووخاندن یان لەناوبردن یان زەرەر گەیاندنی مەبەست لەخانوو ماڵ و سەروەت و سامانی گشتی یان بەرژەوەندییە حکومییەکان یان فەرمانگەکانی وڵات و سەرچاوەی بەرهەم هێنەری تایبەتی یان بەرهەمە گشتییەکان و ئەو شوێنانەی کە بەکاردەهێنرێن بەشێوەیەکی گشتی یان بۆ کۆکردنەوە گشتییەکان کەوا جەماوەری خەڵکی تییادا هاتووچۆ دەکەن و دێن و دەچن یان لەناوبردنی سەروەت و سامانێك کە موڵکی هەموو خەڵکییە یان هەوڵدان بۆ داگیرکردن یان دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر ئەو شوێنانەدا یان توش کردنی ئەو شوێنانە بە ترس یان نەهێشتنی بەکارهێنانیان بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دیاری کراوە، ئیتر بەهۆی هەر هاندەرێکی لەقاندنی ئاسایش و ئارامییەوە بێت.

٣ـ هەر کەسێك، ڕێکخراوێك پێك بهێنێت یان سەرۆکایەتی یان سەرپەرشتی هەر کۆمەڵێکی یاخی بووی چەکداری تیرۆریستی بکات بە شێوەیەك کە شارەزایان بکات و پلانیان بۆ دابنێت هەروەها بوونی بەشێك یان بەشداری کردنی لەو کارەدا.

٤ـ شەڕکردنی هۆزایەتی. ئەوەش بەوە دەبێت کە هاوڵاتیان چەکدار بکات یان هەندێکیان چەك هەڵبگرنو دژ بە هەندێکیان یان هاندانیان لەسەر ئەو کارانە یان کۆمەك کردنیان بە پارەو سامان بەسەر ئەو کارانەدا.

٥ـ هێرش کردن بۆ سەر دامودەزگاکانی سوپا یان دامودەزگاکانی پۆلیس یان بنکەکانی خۆبەخشین یان دامودەزگاکانی ئاسایش یان هێرش کردن بۆ سەر شوێنەکانی سوپای نیشتمانی یان بۆ سەر کەلو پەلی سوپاو هێڵەکانی گەیاندنو شوێنی مەشقی ئەفسەرەکانو بنکە سەرەکییەکان، بە هاندەرێکی تیرۆر دادەنرێن.

٦ـ هێرشکردن بە چەکە ئاگرییەکان کە دەکرێتە سەر باڵیۆزخانەکانو دامودەزگا عێراقییەکان بە گشتی لەگەڵ دامودەزگاو کۆمپانیا عەرەبییەکانو بێگانەکانو ڕێکخراوە جیهانییە حکومییەکانو ناحکومییەکانو ئەو ڕێکخراوانەی کە لەعێراقدا کار دەکەن بە پێی ئەو ڕێکەوتنامانەی کە جێبەجێکراوە.

٧ـ بەکارهێنانی ئامێرە تەقەمەنییەکان بە مەبەستی هاندانی تیرۆر یان بەکارهێنانی ئامێرە سوتێنەرەکان بە مەبەستی نەخشەکێشان بۆ لەناوبردنی گیانی خەڵکیو بەدیهێنانی توانایەك لەسەر ئەو کارانە. یان بڵاوکردنەوەی ترس لەناو خەڵکدا لەڕێگەی تەقاندنەوە یان لەڕێگەی فرێدانی تەقەمەنی یان لەڕێگەی تەقاندنەوەی ئامێرەکان یان تەقاندنەوەی ئادەمیزاد لەڕێگەی بابەتە کیمیاوییەکان، ئەو بابەتانەی کە ژەهراوین یان لەڕێگەی کارە بایولۆژییەکان یان لەڕێگەی بابەتە هاویەکییەکان یان بابەتە پرشنگدارە تۆقێنەرەکانەوە دەکرێن.





٨ـ فڕاندنی یان بەستنەوەی سەربەخۆیی تاکەکانی کۆمەڵ یان گرتنیان یان تورەکردنیان لەبەر چەند مەبەستێکی مۆرکراوی ڕامیاری یان هۆزگەریی کە هەڕەشەیە بۆ ئاسایشو یەکێتی نیشتمانی.

کەواتە تاوانە تیرۆریستییەکان بەوە جیادەکرێتەوە لەتاوانەکانی تر کە ڕەگەزێکی نادیارو شاراوەی تیادایە، هۆکاری ئەم جۆرە تاوانانە بریتییە لەوروژاندنی ترس. ئەم مەرجە وای کردووە کە بڕیارەکانی یاسای تیرۆر جێبەجێ بکرێت بەسەریدا.

کەواتە دەتوانین بڵێین مەبەست لەتاوانی تیرۆر ئەو تاوانەیە کە بەهۆی هۆکارێکی دیارو ئاشکرا دەکرێن کە بریتییە لەبڵاوکردنەوەی ترس لەلای جەماوەر.

## پایەی دووەم: ئالەتەکانی تیرۆر

لەهەموو یاسا نیشتمانییەکاندا ئەو یاسایانەی کە کاریان تەنها دیاریکردنی تاوانە تیرۆریستییەکانە، یاسا ناسی تیایدا مەبەستی لەڕۆشنکردنەوەی هۆکارەکانی کردنی ئەو تاوانانەیە. بەڵام ئەم جۆرە یاسایانە لەناو خۆیاندا هاودەنگ نین لەسەر هۆکارەکانی ئەم جۆرە تاوانانە. بۆیە سێ جۆر بیرو بۆچوون هەیە سەبارەت بە ڕۆشنکردنەوەی ئالەتو هۆکارەکانی ئەم تاوانانە کە ئەمانەن.

بیروبۆچوونی یەکەم:

زۆربەی یاسا سزاییەکانی سوریو لوبنانیو ئوردونی بۆ ئەوە دەچن کە ئالەتەکانی ئەو تاوانانە ئەمانەن[28]

[28] في المواد ٣٠٤ من قانون العقوبات السورى و ٣١٤ من قانون العقوبات اللبناني ١٤٧ من قانون العقوبات الاردنى.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

١ـ ئالەتەکانی تەقاندنەوە. ٢ـ ئەو شتانەی کە زو گڕدەگرێت‌و بڵێسە دەکاتەوە. ٣ـ بەرهەمە ژەهراوییەکان. ٤ـ شتە سوتێنەرەکان.٥ـ کاریگەری میکرۆب‌و ڤایرۆسەکان.

بیرو بۆچوونی دووەم:

یاسا دانەرانی فەلەستینی لەبڕگەی ١٧٤ دەڵێت : پێویستە سێ هۆکاری تر زیادبکرێت بۆ سەر ئەو هۆکارانەی کە لەبیرو بۆچوونی یەکەمدا باسکراوە، ئەوسێ هۆکارەش بریتین لەبۆمب‌و موشەك‌و چەکە ئاگراویەکان.

بیروبۆچوونی سێیەم:

بیرو بۆچونێکی گشتی‌و گشتگیرە، لەم بیرو بۆچونەدا یاسادانەر لەسەڵتەنەی عمان لەمادده (١٣٢)دا دەڵێ کارە تیرۆرییەکان دەکرێ بەهەر هۆکارێك ئەنجام بدرێ کە مەترسی گشتی لێ بکەوێتەوە باشترین نمونەش بۆ ئەمە ئەو کارە تیرۆریستییانەیە کە لەوڵاتی جەزائیر ڕوویدا کە بریتی بوو لەسەر بڕینی چەندەها خێزانی زۆر لەگوندە دوورەکانی جەزائیر هەروەها وەکو ژەهراوی کردنی ئاو.

**پایەی سێیەم: ئەنجامی تیرۆر.**

ئەنجامی تۆقاندن وەکو ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی بۆ تیرۆرو سەرهەڵدانی حاڵەتێکی گشتی وا کە زۆربەی بەشەکانی وڵاتان بگرێتەوە، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە بەرپرسیارێتی جەزائی بە بوون‌و نەبوون پێوەندی بەبیرۆکەی مەترسییەوە هەیە لەکاتێکدا بەرپرسیارێتی مەدەنی پەیوەستە بە بیرۆکەی زیان لێکەوتنەوە. لەبەر ئەوە پێویستە بزانرێت کە تاوانی





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

تیرۆریستی دەبێتە سەرهەڵدانی نەمان‌و فەوتان لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە هەندێ لەزانایانی یاسا ناس پشت ئەستورن بە بیرو بۆچوونی ڕووبەڕوو بوونەوەی باری کۆمەڵایەتی بەرەو نەمان‌و فەوتان کە بەهۆی ئەو تاوانانەوە دەکەوێتەوە.

لەبەر ئەوە لەدوای هەموو تاوانێکی لەو جۆرە ، نەمان‌و فەوتانێکی گشتی گەشە دەکات لەدەرونی خەڵکدا. یاسادانەری جەزائی باسی نەمان دەکات بەهۆی ئەو جۆرە تاوانانەوە کە وا ئەو نەمانە نەمانێکی گشتییە‌و هەموو کەس دەگرێتەوەو هەڕەشە دەکات لەئاسایشی وڵات. یاسا دانەری عێراقی ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستییە کردووە لەبڕگەی سێیەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی ئەو وتەیە ئەم کارانەی کەدێن، بەشێوەیەکی تایبەتی بەو کارانە دادەنرێن کەهەڕەشە دەکەن لەئاسایشی وڵات:

١ـ هەموو کارێك کە خاوەنی چەند هاندەرێکی تیرۆربێت کەلەخودی خۆیدا هەڕەشە بێت بۆ یەکێتی‌و نیشتمانی‌و بێوەیی کۆمەڵگاو ببێتە مایەی دەست تێوەردانی ئاسایش‌و ئارامی وڵات یان ببێتە مایەی لاوازیی دامودەزگا ئاسایشییەکان، ئەمەش لەپێناوی داکۆکی کردن‌و پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیان‌و کەلو پەلەکانیان‌و پاراستنی سنورەکانی وڵات‌و دامودەزگاکانی، ئیتر ئایا پاراستنی ئەم شتانە بە ڕووبەڕووبونەوەو خۆپیاداکێشان بێت لەگەڵ هێزەکانی وڵات، یان بە هەر جۆرێك لەو جۆرانەی کە دەبێتە مایەی ئازاری بیروڕا دەربڕین، ئەو بیروڕایانەی کە یاسا لەخۆی گرتووەو دەی پارێزێت.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

٢ـ هەركارێك كەوا ببێتە مایەی ڕێگە پێدانی بەكارهێنانی هێز یان توندو تیژی بۆ هەڵگێڕانەوەی یاسای فەرمانڕەوا یان ڕووخاندنی ئەو وڵاتەی كە بڕگەی لەسەر دراوە لەدەستوردا.

٣ـ هەر كەسێك كە پێشڕەوی كۆمەڵێك یان خاڵێكی سەربازی بكات یان فڕۆكەخانە یان كۆمەڵێك سەرباز یان كۆمەڵێك خەڵك بەكاربهێنن بەبێ داوالێكردن لەلایەن حكومەتەوە بە مەبەستی تاوان كردن.

٤ـ هەر كەسێك كە دەست بكات بە وروژاندنی چەكدارە یاخی بووەكان دژی دەسەڵاتی وڵات یان بەشداری بكات لەهەركۆ بوونەوەیەكدا بە مەبەستی فڕوفێڵ كردن لەدەسەڵات یان بەشداریكردن لەگەڵ ئەو كەسانەی كە پێك هێنراون بۆ ئەو مەبەستانە.

٥ـ هەر كارێك كە كەسێك پێی هەڵبستێت، ئەو كەسە لەو كەسانە بێت كە دەسەڵاتی هەبێت بەسەر هێزە چەكدارەكاندا ، بەڵام داوایان لێبكات یان زۆریان لێبكان بە كردنی كارێك كە ببێتە مایەی لەكارخستنی فەرمانەكانی حكومەت. چونكە سنورەكانی هێرش كردن بۆ سەر یەك تاكە كەس پاشماوەی لەسەر كۆمەڵگا.

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێن: كە بەڕاستی تاوانی تیرۆر ئەو تاوانەیە كە بەرنامەی بۆ دانراوەو ڕێكخراوەو دەبێتە لەقاندنی باری ئاسایشی ناوخۆییو دەبێتە دروست كردنی جێگەی گەورە كەپەردە هەڵدەدات لەسەر نەبوونی باری ئارامی لەناو وڵاتدا. یەكەم كەسێك كەباسی ئەمەی كردبێت یاسادانەری فەلەستینییە كە لەبڕگەی ١٧٤ یاسا سزاییەكانداو واهاتووە كە ئەگەر بێتو بگەڕێینەوە بۆ زۆربەی یاسا





سزاییەكان دەبینین كە ئەو یاسایانە ئاماژە دەكەن بۆ ئەو تاوانانەی كە دەبێتە نەمانو فەوتانی گشتی خەڵكی بەتایبەتی یاسای سزایی عێراقی لەبڕگەی ٣٤٢و بڕگەكانی تریدا باسی ئەو جۆرە تاوانانەی كردووە دەڵێت كارە تیرۆریستییەكان ئەو تاوانانەن كە بەتایبەتی ئەم كۆمەڵانە دەگرێتەوە.

أ ـ تاوانەكانی سوتاندن، ئەمەش بەو شتانەی كە دەبێتە پرژو بڵاوكردنەوەی خەڵكی.

ب ـ تاوانەكانی هێرش كردن بۆ نەمانی ئاسایش لەپۆستەو گەیاندنی خەڵكی.

ج ـ ئەو تاوانە تایبەتییانەی كە زەرەر بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی چوارەم

# هۆکارو هاندەرەکانی تیرۆر





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەوەی جێگەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کە تیرۆر چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە، لەوانە تیرۆری لەشو لارو تیرۆری ئابووری‌و تیرۆری بیرو هۆش.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تیرۆر چەند هۆکارێکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری هەیە، لەوانە: نەبوونی دیموکراتی کێشەی فێربوون‌و دامودەزگاکانی و بەتاڵی بیرو هۆش‌و تێگەیشتنی هەڵە لەئایین‌و گڕوتینی باوەڕو ڕۆچوون کە لەداهاتوودا هەڵدەسین بەشیکردنەوەی هەندێك لەم هۆکارانە بە دوورو درێژی.

**١ـ هۆکارە ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکان.**

ئەوەی کە گومانی تێدا نییە بریتییە لەوەی کە خراپ بوونی باری ئابووری دەبێتە مایەی بەتاڵی‌و بڕوا بە خۆنەبوون‌و دروست بوونی کینە لەناو کۆمەڵگاو دەسەڵاتدا ئەمەش لەکاتێکدا کە لەلایەن چینەکانی کۆمەڵگاوە هەوڵ دەدرێت بۆ زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی سامان‌و هۆکارەکانی بەرهەم هێنان‌و دابەشکردنی خۆشییەکان‌و سەرچاوەکانی ئەو خۆشیانەدا بەشێوەیەکی دوور لەدادپەروەری‌و یەکسانی، چونکە کۆمەڵگا لەم شێوەدا دابەش دەکرێت بۆ ئەو چینانەی کە هەموو خۆشییەکان بۆ ئەوان دەبێت وکەسی تر بەشداری ناکات لەو چینانەی کە بێ بەشن لەو خۆشیانەدا، هەروەها کەمی سەرچاوەکانی سەروەت‌و سامان‌و دابەشکردنی خزمەت گوزارییە گشتییەکان‌و بەرهەمە بنەڕەتییەکاندا وەکو فێرکاری‌و تەندروستی‌و جێنشینکردن‌و کارەبا لەنێوان شارو لادێدا. گەورره بوونی کێشەکانی جوتیارە هەژارە هەڵهاتووەکان لەدێهاتەکاندا ئەمە بێجگە لەزۆربوونی

مەكتەبەی بیروهۆشیاری

ژمـارەی دەرچـووەکان لەخوێنـدنگاو زانکۆکـان ئەوانـەی کـە هـیچ شوێنێکی کارکردن بەدی ناکەن و هەموویان بێ کار دەبن و دەبنـە تـوڕە بوونی کۆمەڵگا. ئەمانە هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن کە دەبنـە هۆی دەرکەوتنی نەبوونی یەك شێوە لەباری کۆمەڵایەتی، بەشـێوەیەك کـە پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـە رەگ داکوتاوەکـان توشـی بـاری خراپـی و چەند نەخۆشییەکی ترسناك دەبێت کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی گیانی دابو نـەرێت بـەرەو دواوە، بەرامبـەر ئـەو گۆڕانکارییانـە هەست کردن بەستەم و زۆری کۆمەڵایەتی بلاو دەبێتەوەو دەبێتـە هـۆی دەرکـەوتنی چـەند رەوشـتێکی لارو خـراپ کـە حـەزو ئـارەزووی کردنـی تاوانـەکان دەکـات، هەنـدێ خوورەوشـتی خـراپ سـەری هەڵـدا کـە مەبەسـت و ئارەزوویـان ئـەنجام دانـی تاوانانـەوە ئـەو خـوو رەوشـتە خراپـەیان دەربڕن و ئەو بۆشاییەش پڕکەنەوە کە لەناخیاندا دروست بووە.

تیرۆر یەکێکە لەپاشماوەکانی ئەو هەناسەدانەی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ و هەموو کۆمەڵە و دەستەڵاتەکان بەشێوەیەکی یەکسان ڕاهێنانی لەسەر دەکەن، ئەمەش لەبەر چەند مەبەست و هۆکارێکی کۆمەڵایـەتی، لەوانە پاساو کـردن و تۆڵە سـەندنەوە، ئەمـەش لەبـەر هەسـتکردن بـە سـتەم، نموونـەش وەکـو دوانـدن لەسـەر فڕانـدنی فڕۆکـە یـەك لەفڕۆکەخانـەی (بریـزان) لەئوسـترالیا بەشـێوەیەك کـە ڕفێنـەری فڕۆکەکە هەر دوو منالەکـەی کـردە بارمتـەو هەرەشـەی وێـران کردنـی فڕۆکەکەی کرد ئەگەر بێتو دەسەڵاتی فـەرمان رەوا بـە مـیرات گـری منالەکانی داینەمەزرێنن.





هەندێ جار هەناسەدان، لەبەر پڕکردنەوەی بۆشـایی و پڕکردنـەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە نموونـەش وەکـو ئـەو هەوڵدانانـەی کـە کرا بۆ ڕفاندن بە چەکە خیاڵییەکان یان بە بـەکارهێنانی یـاری منـاڵان ئەمـەش لەبـەر گونجانـدن و توانـای گـەڕان بـۆ شـوێنێك کـە ڕفێنـەر کەسەکانی تیادا ببینێت یان لەبەر دۆزینەوەی هەلی کارکردن یان تەنها لەبـەر دەرکـەوتن لەمیـدیاکان (دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن) یـان لەبـەر ناوپەیدا کردن یان لەبەر مەبەستە هۆزیایەتییەکان یان لەبـەر رەگەز پەرسـتییە ڕۆچـووەکان ئـەم جۆرانـە وەکـو تـیرۆری کۆمـەڵی سـیخ لەهیندستان[٢٩].

لەسەرو ئەوەشەوە تیرۆر لـەم قۆناغـەی ئێـستادا بۆتـە هۆکارێك بـۆ بازرگانی کردنی توندو تیژی، ئەو تاوانانـەش لەلایـەن چـەند بانـدێکی ڕێکخراوو فراوان و چەند کۆمپانیاو دامەزراوەی گەورەوە هـان دەدرێـن کە شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا. ئەو باندانە شارەزایی تەواویان هەبوو لەپلانـدانان و جێبـەجێکردنی کـاری ڕفانـدنی فڕۆکـەو کەشـتی و کەسایەتییەکانداو هەستان بەو تاوانانەی کە دەبووە نـەمانی ئاسایشی وڵات لـەناوخۆو دەرەوەو بەرهـەم هێنـانی پـارە لەوسەرچـاوانەی کـە ڕێگەی پێنە دراوە، تیرۆری ئابووری چینێك جێبەجێ کاریەتی بـەهۆی دەسـت بەسـەراگرتنی چـینایەتی لـەناو دامو دەزگاکـانی دەوڵـەت دژی چینەکاتی تر، بەمەبەسـتی دەسـت بەسـەرا گرتنـی سـەروەت و سامان و

[٢٩] جريدة الثورة العدد ٥٥٤٩ في ١٩٨٥/٧/ والدكتور ابراهيم الداقوقي الاعلام والارهاب ـ مجلة كل العرب ـ العدد ٨٩/ في/ ٩/ ١٩٨٦ ص٢

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەدەست هێنانی بڕێکی زۆر لەزێدە بەها، هەروەها بەهۆکارێکی ئابووری تیرۆر دائەنرێ.

هەروەها تیرۆر ئابووری لەو کاتەدا دەردەکەوێ کە کرێی کرێکار بەشێوەیەک کەم دەبێت کە ناتوانێ پێداویستییەکانی ژیان دابین بکات، هەروەها کاتێک دەردەکەوێ گەنجە بێ کارەکان کاریان دەست ناکەوێتو هیچ یاسایەک نابێت کە پاداشتی ئەو بێکاریە بداتەوە، هەروەها لەو کاتەی کە کرێکارەکان بێبەش دەبن لەهەموو مافێکی کارو، لەکاتی نەبوونی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتیو لەکاتی قۆستنەوەی پێداویستییەکانی خەڵك بە بەرزکردنەوەی نرخی شمەکی بەکاربەر، هەروەها لەکاتی هەموو جۆرە قۆخ کردنێكو بەرزکردنەوەی باج لەسەر هەموو کرێیەك لەلایەن دەوڵەتەوە، لەگەڵ بە یاسایی کردنی هەموو جۆر باجێك کە باجی زیادە بەها ناسراوەو سەپاندنی بەسەر بەکاربەران لەهەموو کەرتە کۆمەڵایەتییە زەحمەتکێشو ستەمدیدەکان [30]

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە هەژاریو بێکاری کۆمەڵانێکی زۆر پێوەی دەناڵێنن، هەستانی حکومەت بە دروستکردنی کێشەی هەژاریو بەتاڵی بەمەبەستی لەناوبردنی جۆری ئادەمیزاد بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت لەو هۆزەی یان ئەو کۆمەڵەی کە یاسای سیاسی ئەو وولاتەیان خۆش ناوێتو هەستانی بەرپرسان لەحکومەتداو بە فیڕۆدانو دزینی سەروەتو سامانو بەکارهێنانی بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك یان

[30] الدكتور عثمان محمد. مصادرالسابق ص ٢، ٣. والدكتؤر ابراهيم الداقوقي المصادر السابق ص ٢ والمحامي عبدالله عبدالجليل الحيثي الارهاب الدولي في الواقع والقانون المصدر السابق ص ٢٢٠.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

چاودێرییەك لەلایەن یاساوەو ملکەچ نەکردنی ئەو کەسانە بۆ لێپرسینەوە، کاردانەوەیەکی توندو تیژی لێ دەکەوێتەوە دژ بەو بەرپرسانە کە زۆرجار لەوانەیە بگاتە سنوری تیرۆر[31]. لەناوخۆی حکومەتدا بەڕاستی ئاستی بەشداری (واتە بەشداری ڕامیاری) بەتایبەتی لای گەنجەکان سەبارەت بەوەی کە خاوەنی کۆمەڵێك بڕیار بن کە نەبنە تێکدانی ژیان، هۆکارێکن لەهۆکارەکانی تۆقاندن، چونکە گەنجەکانی ئەم سەردەمە دوورن لەهەموو راهێنانێکی سیاسی بە واتایەکی فراوانو بوونی جێگۆڕکێی ڕاستی دەسەڵات کە دەبێتە بێ بەش بوون لەبیروڕا دەربڕین. ئەمانە دەبێت خۆ بێ ئاگایی لەداواکاری پێکهاتەکانی ترو دەبنە ناڕەزایەتی ئەو کۆمەڵانەی کە پشتیان هەڵکردووە لەدەسەڵات.

کاتێك نەتەوە یان حیزب یان تایفەو مەزهەبێك جڵەوی کاروباری وڵاتی دەکەوێتە دەستو گرنگی ئەدات بەلایەنگرانی خۆیو دەسکەوتی ئابووریان پێ دەبەخشێت لەسەر حسابی نەتەوەکانی تر، لەم کاتەدا چەند ئەو جیاوازیانە لەنێوان نەتەوەو تایەفەو حیزبو مەزهەبەکاندا زیاد بێت ئەوەندە کێبڕکێو توندو تیژیو تیرۆر زیاد دەبێت.

[31] الدكتور منذر الفضل ـ الاسلام السياسى والارهاب الدولى مكتبة الفكرة التوعية فى الاتحاد الوطنى الكوردستانى السليمانية. ٢٠٠٤ ص٦٣ـ ٦٤.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## ٢ـ هۆكارو پاڵنەرە ڕامیارییەكان

هەرچەندە تیرۆر بە تاوانێك دانراوە لەیاسا ناوخۆییو جیهانییەكانداو، زۆربەی وڵاتانو خەڵكیو یاساكانیان سڵ دەكەنەوە لەو هۆكارە دژوارو ڕێگە پێنەدراوانەی كە تیرۆریستەكان پەنای بۆ دەبەن بەجێبەجێكردنی كارە تیرۆربستییەكان، بەڵام شاراوە نییە لەلای هیچ كەسێك یان لەلای زۆربەی كەسەكان كە ئەو كارە تیرۆریستیانە چەند پاڵنەرو هۆكارێكی ڕامیاری هەیە كە بەڕاستی زۆربەی ئەو شتانەی كە تیرۆر وەك تاوانێك جیا دەكاتەوە لەتاوانەكانی تر، بریتییە لەبوونی بیركردنەوەی ڕامیاری لەكێشەكەدا.

زۆر جار كاتێ كە تیرۆریستەكان بانگێشە دەكەن بۆ كارەكانیان بۆ مەبەستو چەند ئامانجێكی ڕامیارییە. كۆمەڵە تیرۆریستەكان پەنادەبەنە بەر تیرۆر بۆ مەبەستی نەهێشتنی داگیركەر یان لەبەر ستەمو زۆری دوژمن. بەڕاستی هەندێك لەنوسەران تیرۆر بە (فرۆفێڵی كەسە كەم تواناكان).ناودەبەن بەرامبەر بەستەمو زۆری هێزە زۆرە داگیركەرەكان.

وەكو چۆن پێویستە كە خۆمان بێ ئاگانەكەین لەوەی زۆربەی وڵاتە گەورەكان لەكاتی شەڕی ساردا یارمەتیو پشتگیریو كۆمەكی كۆمەڵە تیرۆریستییەكانیان دەكرد بەمەبەستی هێنانەدی مەبەستە ڕامیارییەكان بە تایبەتی بەمەبەستی هێنانەدی مەبەستە گرنگەكانیانو نموونەی ئەوە وەك كۆمەك كردنی وڵاتە یەگرتووەكان بۆ ڕێكخراوی ئەلقاعیدە لەئەفغانستان لەكاتی داگیركردنی وڵاتی





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سۆفیەتدا هەروەها وەكو كۆمەك كردنی ڕێكخراوە تیرۆریستەكان لەئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمریكای لاتینی لەلایەن سەربازەكانی شۆسیالیستەوە.

هەموو شێوەو كارە تیرۆریستەكان درێژكردنەوەیەك بوو بۆ بەربەرەكانێ كردنی جیهانی كە لەو كاتەدا لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا هەبوو.

## ٣ـ هۆكارە ئایدۆلۆژییەكان.

وا دەردەكەوێت كە ئایدلۆژیاو تێگەیشتنی داخراو بۆ جیهان ڕۆڵێكی گەورەی هەیە، بەردەوام ڕۆڵێكی ئاشكراو گەورەی هەیە لەجوڵاندنی بیروبۆچوونەكان لەلای ئەو كۆمەڵانەی كە ڕاهێنان دەكەن لەسەر تیرۆرو توندوتیژی.

تێگەیشتنێكی تایبەتو بونی ڕێكخەرێكی فكری گشگیر لەلایەن كۆمەڵە توندڕەوەكانەوە وایان لێ دەكات كەدان بە هیچ بیرو بۆچونێكی تردا دانەنێنو كە تیرۆر یەكێكە لەو هۆكارانە لەم بارەیەوە ئایدۆلۆجیا لەكۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست دەورێكی دیارو بەرچاوی گێڕا لەپەنابردنی كۆمەڵە گێرە شێوێنو شیوعییەكان بۆ كاری تیرۆر.

هەروەها هەندێ لەبیرورا نەتەوەییە زیادڕەوەكانی وەك نازیزمو فاشیزمو بەعسیزم دەستێكی باڵایان هەیە لەبواری پاساو هێنانەوە بۆ كاری تیرۆر لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەلایەکی ترەوەو لەکۆتایی سەردەمی بیستەم جۆرێکی نویێ لەتیرۆر پەیدا بوو کە ئایدۆلۆجیای دینیان کردە دەسپێكو بەلگە بۆ کارە تیرۆرەکانیان کە ئەم بیروبۆچونانە پالّی نا بە زۆرێك لەکۆمەڵە تیرۆریستە ئیسلامییەکان کە کاری تیرۆری فراوان بدەن لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

لەم بوارەدا دەتوانین سەرنج لە کارە تیرۆرییەکانی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست بدەین لەگەڵ کۆمەڵەی (تکفير والهجرة) لەجەزائیرو (انصار الاسلام) لەکوردستانی عێراقدا.

لەبەر ئەوە بڕگەی هەشتەمینی یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆرییەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا دەڵێت: ئەو کەسەی کەوا تاوانێك بکاتو ببێتە مایەی وروژاندنی کێشەی ئایینی یان هۆز گەری یان خۆپەرستی لەنێوان ڕۆڵەکانی هەرێمدا، یان ئەو تاوانە بریتی بێت لەبەچەککردنی هاوڵاتیان یان هاندانیان لەسەر خۆبەچەککردنی هاوڵاتیان دژبە هەندێکی تریان ئەمەش ئەگەر بێتوو ببێتە مایەی دروست کردنی شێوەی شەڕکردنی ناوخۆیی، ئەکەسە سزا دەردرێت بە لەسێدارەدان.

پوختەی قسەکانمان ئەوەیە کە بەڕاستی بیروبۆچوونی داخراوو تەسكو تێگەیشتنی تایبەتی جیا کەرەوەی هەموو هۆکارە ئایدۆلۆژییەکان پاڵ دەنێت بەهەموو کۆمەڵە ڕامیارییەکانەوە بۆ پاساو هێنانەوە لەسەر هەموو کارە دوژمنکارەکانو تیرۆریستەکان لەئایدۆلۆژیادا.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی پێنجەم
# شێوازەکانی تیرۆر





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڕاستی تیرۆر واتایەکی فراوانی هەیە، بەشێوەیەك کە ناتوانرێت لەبازنەیەکی دیاری کراودا کورت بکرێتەوە یان ملکەچی پێوەرێکی دیاری کراو بکرێت. لەبەر ئەوە، هیچ توێژەرێك ناتوانێت چەند جۆرێك بە جۆرەکانی تیرۆر دابنێت، ئەمەش بە هۆی جیاوازی ئامانجی ئەو کەسانەوە کەپێی هەڵدەسن. ئێمە دەتوانین لەداهاتوودا جۆرەکانی تیرۆر لەسەر سەرچاوەکانی تیرۆر دیاری بکەین. جۆرەکانی تیرۆر لەلایەن سەرچاوەکەیەوە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

جۆری یەکەم تیرۆری نێودەوڵەتی: چونکە هەندێك لەوڵاتەکان کۆمەڵەی تیرۆریست بەخێو دەکەنو کۆمەکی دیارو نادیاریان دەکەن. باشترین نموونە لەسەر ئەوە، وڵاتی لیبیایە کاتێ کە وڵاتی لیبیا کۆمەكو پشتگری دیارو نادیاری هەندێك لەو کۆمەڵە تیرۆریستانە دەکات، بۆیە خۆی بەرپرسیار کرد بەرامبەر بەو قوربانیانەی ئەو فڕۆکەیەی کە پێش دەیان ساڵ کەوتە خوارەوەو تەقییەوە، کەناسراوە بە ڕووداوی لوکەربیی (حادثة لوکربی).

جۆری دووەم : لەتیرۆر بریتییە لەوتیرۆرانەی کە تاکە کەسێك پێی هەڵدەستێت یان چەند تاکە کەسێك پێی هەڵدەستن. ئەم جۆرە سێ شێوەی سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

أ- لەناوبردن ب - ڕفاندنی فڕۆکە ج - ڕفاندن یان بەبارمتەگرتن.

ئەم دوو جۆرەبەشێوەیەکی کورت لەداهاتودا ڕوون دەکرێتەوە.

جۆری یەکەم تیرۆری نێودەوڵەتی: بەڕاستی هەندێ جار دەسەڵاتدارانی وڵات هەڵدەستن بەکردنی توندوتیژی دژی ئەو

کۆمەڵانەی کە پشتیان کردووەتە حکومەت ، جا لەناوەوە بێت یان لەگەڵ وڵاتێکی تردا بێت، ئەمەش بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین: بەڕاستی تیرۆری نێودەوڵەتی، ئەو تیرۆرەیە کە هەندێ وڵات لەپێناوی هەستانی هەندێ کەس بە چەند کارێك دژی کۆمەڵانێکی تر لەخەڵکی پەنای بۆ دەبەن یان کۆمەکی دەکەن.

لەبەر ئەوە، دەگونجێت کە کاربەدەستانی وڵات هەستن بەکردنی هەندێ کاری تیرۆرستی ڕاستەوخۆیان بەهۆی کۆمەڵێك لەتاکە کەسەکانەوە. چونکە تیرۆر زۆر جار لەلایەن تاکە کەسێك یان دوو کەس یان کۆمەڵێك[٣٣] کەسەوە ئەنجام دەدرێت.

لەلایەنی مێژووییەوە تیرۆری نێودەوڵەتی بە کۆنترین جۆرەکانی تیرۆر دەژمێردرێت. چونکە هەندێ لەوڵاتەکان لەبەر ڕەگ داکوتانی باری ئاسایشی وڵات پەنادەبەنە بەر کۆمەڵە تیرۆریستەکان، لێرەوەیە کە هەندێك پێناسەی تیرۆر وا دەکەن کە بریتییە لە (شێوەیەك بەمەبەستی فەرمانڕەوایی کردن بەڕێگەی هەڕەشە کردن) لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەرێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان لەسەردەمی (عصبة الأمم) ی ساڵی ١٩٣٧دا دان نانێن بەبوونی ڕەوشتی تیرۆر لەوڵاتداو لەکارەکاندا چونکە، تیرۆر لەواتای ئەواندا بریتییە لەو کردارانەی کە لەلایەن کەسێکەوە بەتەنها ڕوو بەرووی وڵات دەبێتەوە[٣٤].

---

[٣٣] ثامر ابراهيم الحجهانی، المصدر السابق ـ ص٥٤

[٣٤] د. محمد عزيز شكرى الارهاب الدولي دار للملايين بيروت الطبعة الأول سنة ١٩٩١ ص١٠٤





بەڵام ئێمە دەبینین کە هەندێ لەو وڵاتانەی کە تەنها کاردەکەن بەبیروبۆچوونی خۆیان‌و قسەی کەس وەرناگرن‌و تەنها بڕیاری تاکە کەسێك دەخوات تیایدا پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی هەندێك لەئامێرەکانی ئاسایشی وڵات بۆ تیرۆرکردن لەپێناوی ترساندنی هاووڵاتیان‌و زۆر لێکردنیان لەسەر گوێڕایەڵی‌و نەکردنی تاوان . باشترین نمونە لەسەر ئەوە وەکو ئەو شێوەیەی کە حکومەتی سەدامی لەناوچوو پیادەی دەکرد کە لەدوو دیاردەدا دەردەکەوت.

## دیاردەی یەکەم

بەکارهێنانی (ئەبوو طەبر) وەکو هۆکارێك بۆ ترساندنی خەڵکی بەغداد کە وا تاوانبارێك هەیە هەڵدەستێت بەکوشتنی هاووڵاتیان بەشەوو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ناتوانێت بیگرێت. ئابەم شێوەیە تاوانبار (ئەبو طەبر) بوو بوو بەدیاردەیەکی ترسێنەر لەسەرەتاکانی فەرمانڕەوایی بەعسییە لەناوچووەکاندا لەساڵی حەفتاکانەوە.

## دیاردەی دووەم

بریتییە لەهەستانی پیاوانی ئاسایش لەشەودا بە تەقاندنی هەزاران فیشەکی گڕدار لەشاری (صەدر)دا کە لەپێشدا پێی دەوترا (شاری ثورة) مەبەستیش لەو کارە، تەنها بریتی بوو لەترساندنی خەڵکە شیعەکانی بەغداد. تاوەکو قەدەغە بکرێن لەهەموو کۆبوونەوەیەك لەشەودا.

بەڕاستی ئەم دوو دیاردەیە کە بەکاردەهێنرا لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە بووە هۆی تیرۆرو دروست کردنی ترس لەدەروونی

هاووڵاتیاندا ، پێویستە ئاماژە بە بیروبۆچوونی هەندێك لەپسپۆڕانی ئەم کارە بکرێت، چونکە ئەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێك لەو هۆکارە بەدەست هاتوانە زۆرجار بەکاردەهێنرێت بۆ پێویست بوونی گوێڕایەڵی هاووڵاتیان لەپێناوی دەرنەچوون لەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا.. ئەوانەی کە دەسەڵاتیان گرتووتە دەست.

ئابەو شێوەیە، دەسەڵاتی وڵات دیاردەکانی تیرۆری بەکاردەهێنا لەگەڵ هەندێك هۆکاری جیاوازی تردا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی وڵات بە ئاگرو ئاسن[35] .

لەکۆتایی ئەم بەشەدا، پێویستە ئاماژە بکرێت بەوەی کە بەڕاستی تیرۆری نێودەوڵەتی هەندێ جار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، ئەمەش لەکاتێکدا کە وڵاتێك هێرش دەکاتە سەر وڵاتێکی تر. لەبەر ئەوە هەستانی هێزە چەکدارە یاساییەکان بەشەڕکردن لەگەڵ وڵاتێکی تردا، بە دیاردەیەك لەدیاردەکانی تیرۆری سەردەم دادەنرێت، وەکو سنور بەزاندنی وڵاتی کوێت لەلایەن هێزی سەربازی عێراقەوە لەساڵی ١٩٩٠دا، یان وەکو هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فرۆکەخانەی بەیروت لەساڵی ١٩٦٨، یان وەکو هێرشی ئاسمانی بۆ سەر تونس لەساڵی ١٩٨٥دا شەڕی لوبنانی ساڵی ١٩٨٢ لەدیاردە ئاشکراکانی تیرۆری نێودەوڵەتی سەردەمە.. چونکە یاسایی جیهانی دەیگرێتەوەو ناچێنە ناو شیکردنەوەی یاسای تاوانەوە[36] .

---

[35] د. المهدی المنجیرة ـ الحرب الحضاریة الأولى. مستقبل الماضی ومافی المستقبل شرکة الشهاب لنشرو طباعة والتوزیع الجزائر الطبعة الاولى ١٩٩١ ص٢٣.

[36] ئامر ابراهیم الجهانی ـ مصدر سابق ص ٥٤





## جۆری دووەم :

تیرۆری تاکەکەسی، ئەم جۆرە بە چەند قۆناغێکدا ڕۆیشتووەو بەپێی سروشتی سیستەمی ڕامیاری فەرمانڕەوا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە هەندێك لەشێوەکانی تیرۆری تاکەکەسی لەهەموو بەشەکانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە بە تایبەتی لەڤێتنام، لەئەمریکای لاتینیدا، واتە هەندێك لەشێوەکانی تیرۆری تاکە کەسی لەم سەردەمە نوێیەدا لەچەندەها شوێنی جیهاندا بڵاوبووەوە.

ئەم جۆرە لەتیرۆر لەلایەن کۆمەڵانو خاوەن بیروبۆچوونە ڕاستو چەپە توند ڕەوەکانەوە بەکارهێنراوە ئەمەش لەبەر لێدانی ئەو فەرمانڕەوا ڕامیارییەی کە بڕیاری وڵاتی بەدەست بووە.

بەڕاستی دروشمی تیرۆریستەکان لەکارەکانیاندا بریتییە لەو وتەیە کە دەڵێت (دوژمنت بتۆقێنەو کێشە کەشت بڵاوبکەرەوە)[37]

لەڕاستیدا بۆ ناسینی تیرۆری تاکە کەسی پێویستمان بەهەندێ پێناسە هەیەو. پێویستە ئاماژە بکرێت بەوەی کە چەندەها پێناسە هەیە بەڵام ئێمە تەنها هەندێکیان بەکورتی دەخەینە ڕوو :

١ـ هەندێك لەشارەزایان پێناسەی تیرۆری تاکەکەسی دەکەن کە بریتییە لە (گۆڕانی ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو ئەو باوەڕەی کە هەندێك لەکەسەکان لەپێناوی بەدیهێنانی هەندێك لەکارە تایبەتییەکانیان پێی هەڵدەسن.

نموونەش وەکو ئەو کارە تیرۆریستییەی کە جێبەجێکرا لەدژی سەرۆکی ئەمریکی (ابراهام لنکولن) لەساڵی ١٨٦٥دا ، بەشێوەیەك کە

---

[37] ئامر ابراهیم الجهانی، المصدر السابق ص٥٢

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەرۆك لەلایەن بەکرێگیراوێکەوە کە یەکێك بوو لەخاوەنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کۆیلەکانەوە لەباشوری ئەمریکادا کوژرا[38].

٢- دکتور (عبداللە سلیمان) دەڵێ: تیرۆری تاکەکەسی ئەو کارانە دەگرێتەوە کە چەند تاکەکەسێك یان دزو جەردەکان یان چەند کۆمەڵێك پێی هەڵدەسن لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەبێ ئەوەی کۆمەك بکرێن لەهیچ وڵاتێکەوە.

٣- هەندێك لەشارەزایان وای بۆ دەچن کە کەسە تیرۆریستەکان هەر ئەوانن کە بەشداری لەکارە ڕامیارییەکاندا دەکەن، ئەو کارانەی کە بەتوندی ڕوو بەڕووی دەبنەوە بەمەبەستی بەدەست هێنانی بەرهەمە ڕامیارییەکانیان.

٤- نوسینگەی کۆماری ئەڵمانی یەکگرتووی پێشو، لەساڵی ١٩٨٥دا پێناسەی تیرۆری تاکەکەسی بەم شێوەیە کردووە کە دەڵێت (تیرۆری تاکەکەس، بریتییە لەو ڕووبەڕوو بوونەوە ڕاستەوخۆیانەی کە بەرامبەر بەو ئامانج و ڕامیارییە دەکرێت کە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەو ئەو رامیارییە لەڕێگەی هێرش کردن بۆ سەر گیان و شتومەکی خەڵکی، ئەمەش بەتایبەتی بەهۆی تاوانە ڕەشەکانەوە جێبەجێ دەکرێت[39].

دەتوانین بڵێین کە تیرۆری تاکەکەسی پشت دەبەستێت بەکردنی تاوانێك لەڕێگەی توندوتیژی خوێناوی ئەوتۆوە کە بەدڵڕەقی و ئاژاوە گێڕی دژ بەمرۆڤایەتی باس دەکرێت لەلایەن کەسێك کە کۆمەڵ

---

[38] الظرقرحالی، المصدر السابق ض١٠٥

[39] دکتور محمد عزیز شکری، مصدر السابق ص١٠٧





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

کرابێت لەلایەن کۆمەڵێك کەسی ڕامیاری. لەداهاتودا گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە تیرۆریستان پشتی پێ دەبەستن بۆ جێبەجێکردنی کارە تیرۆریستییەکانیان باس دەکەین کەسێ شێوەی هەیە.

**١- تیرۆرکردن (کوشتن):-**

هەر لەزووەوە تیرۆکردن هەبووەو ناسراوە، ئەمەش لەکاتێکدا کە هەندێك لەدیاردەکانی تیرۆرکردن دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی ئاینی، چونکە زانایانی دەروونناس و کۆمەڵناس وای بۆ دەچن کە بەڕاستی سۆزو بەزیی ئایینی دەورێکی گرنگی هەیە بۆ ئەم جۆرە لەتیرۆرکردن. لەکوردستاندا هەندێ لەدیاردەکانی تیرۆرکردنی تاکەکەسی لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی تیرۆریستەوە دەبینین بەشێوەیەك کە ئەو کۆمەڵە چەند کارێکی تیرۆریستیان ئەنجامداوە، لەهەندێکیاندا سەرکەوتوو بوون و لەهەندێکیاندا سەرکەوتوو نەبوون، کۆمەڵێك تیرۆریستی هەوڵی تیرۆرکردنی بەڕێز (کۆسرت ڕەسول علی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوویاندا لەهەرێمی کوردستانداو لەبەرواری ١٩٩٥/٩/٧دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەو کارەیاندا هەرچەندە هەندێك لەپاسەوانە تایبەتەکانی شەهید بوون. هەروەها کۆمەڵێك تیرۆریست لەهەوڵێکی تردا هەوڵیاندا کە یەکێك لەسەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تیرۆر بکەن کە ئەویش بەڕێز (فرانسوا حەریری) بوو لەساڵی ٢٠٠١ لەلایەن کۆمەڵێکەوە کە خۆیان بە ئەنساروئیسلام دادەنا. لەهەوڵێکی تری هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێکی کەمی ئەنسارئیسلامدا کەبەزەرەر شکایەوە بەسەریاندا کە پێکهاتبوون

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەسێ ئەندام چوونە ماڵی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوو (دکتۆر بەرهەم ئەحمەد صالح) بۆ تیرۆرکردنی بەڵام پاسەوانە تایبەتییەکانی توانیان یەکێك لەهەوڵدەرەکان بکوژن کە یەکێك بوو لەو هێرش کەرانەی کە ویستبویان دکتور (بەرهەم ئەحمەد صالح) تیرۆر بکەن لەساڵی ٢٠٠١دا.

لەڕاستیدا دیاردەکانی تیرۆرکردنی ڕامیاری هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێشوو ئەمەش لەکاتێکدا کەبڕیارێك دەرچوو لەئەنجومەنی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکان کە ژمارەکەی ٢٦٠م بوو کە لەبەرواری ١٩٤٨/١٢/٦دا لەبڕگەی دووەمیدا نەهێشتنو لەناوبردنی گشتی خەڵکی ئاشکرا کراوە کەوا نەهێشتنو لەناوبردنی گشتی خەڵکی واتە هەر گومانێك کە دەکرێت بەمەبەستی کوشتی ئەندامەکانی هەر کۆمەڵێك یان زەرەر گەیاندنی جەستەیی یان دەروونی ترسناك پێی دەوترێت تیرۆر[٤٠].

پێویستە لێرەدا ئاماژە بکرێت بەوەی کە تیرۆرکردنی ڕامیاری (واتە کەسانی سیاسی) بە گەورەترین تاوان دەژمێردرێت، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بە جیاوازی ئایدۆلۆژیاوە هەبێت.

ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان ڕووبەڕووی ئەو کارە تیرۆریانە بوونەوە کە بەرامبەر تاکەکان دەکرا لەڕێی غافڵ کوژی سیاسیەوە. بۆ نموونە لەمێژوودا زۆر لەو دیاردانەمان لەرچاو دەکەوێت لەساڵانی ١٩٣٧ لەوڵاتانی وەك فەرەنساو یوگسلافیای کۆن. ئەمەش لەکاتێکدا کە وڵاتە ئەوروپییەکان ڕێکەوتن لەسەر بن بڕکردنی تیرۆرو سزادانی

[٤٠] انظر المرجع السابق ص٨٥





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەمەش بەتیرۆکردنی کەسانی ڕامیاری، ئەو کەسە ڕامیاریانەی کە تێدەکۆشن لەپێناوی سەربەخۆیدا هەموو ئەو ڕێکەوتنانە کۆك بوون، لەسەر سزادانی تیرۆرستان بەشێوەیەکی توند ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی ئەو کەسە ڕامیاریانەی کە پارێزراون لەڕووی نێودەوڵەتییەوە[٤١].

لەکۆتایی ئەم باسەدا، پێویستە ئاماژە بکرێت بۆ ئەو پرۆژە ئەمریکییەی کە تایبەتە بەڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو کەسانەی کە هەڵدەسن بەتیرۆرکردنی کەسانی ڕامیاری. ئەم پرۆژەیە تایبەتە بە قەدەغەکردنو سزادنی چەند کارێکی دیاری کراو کە دەکرێت لەلایەن تیرۆرستانەوە بچێتە بازنەی تیرۆری نێودەوڵەتییە ئەم پرۆژەیە، لەلایەن ئەمریکاوە درا بە لیژنەی شەشەمی ئەنجومەنی گشتی لە ٢٥/ ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢دا کە ئەمانەی تیا دەرخراوە: ـ

أ‌. توندو تیژی تیرۆری تاکە کەسی.

ب ـ دانانی چەند جۆرێکی دیاری کراو لەتوندو تیژی.

ج ـ توندوتیژی تیرۆر، لەچەند شوێنێکی دیاری کراوو بەدەستی چەند کەسانێکی دیاری کراو، دەکرێت[٤٢]. بەڵام یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆریستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە ئەوانەی کە هەڵدەستن بە تیرۆرکردن بە هەر هۆیەك بێت، سزای لەسێدارە دانییان بەسەردا دەچەسپێ. بەڕاستی بڕگەی یەکەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە

[٤١] انظر دکتور محمد عزیز شکری ـ المرجع السابق ص٤٨

[٤٢] د. عبدالوهاب حومد ـ من السیاسیة مجلة الکتاح العربي عدد ٤٧٧ ١٩٩٤ ص١٢٠.

تیرۆریستییەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: ڕفاندنی هەر کەسێك یان دەستگرتن بەسەریدا، یان گرتنی یان بێ بەشکردنی لەسەربەخۆییەکانی بە هەر هۆیەکەوە بێت بۆ زیان گەیاندن بە سەروەتو سامان بێت یان بۆ مەبەستی ڕامیاری بێت، گرتنی هەر کەسێك یان هەر کۆمەڵێك لەخەڵکی وەك بارمتە بە مەبەستی زۆرلێکردن بە دەسەڵاتی هەرێم یان دامو دەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەو ڕێکخراوانەی کە کاردەکەن لەهەرێمدا بۆ بەدیهێنانی سوودوو کەڵکێك یان لەبەر زۆرکردن بێت لەهەر جۆرێك لەجۆرەکان یان لەبەر زۆر لێکردن بێت بە مەبەستی هەستان بە کارێك یان بەمەبەستی قەدەغەکردنی هەر کارێك بێت یان بە مەبەستی بەدیهێنانی شێوەیەکی ترس یان کوشتی کەسانێك کە پاراستنی جیهانی دەیانگرێتەوە یان لەو کەسانەن کە فەرمانبەری دامودەزگا باڵێوێزەکانن یان فەرمانبەری دامودەزگاو کۆمپانیا بێگانەکانن یان لەو کەسانەن کە کاردەکەن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا، سزای ئەم کارانە بریتییە لەگرتنو مانەوەی هەتا هەتایی لەگرتووخانەکاندا، ئەمەش لەکاتی هێرش کردن بۆ سەر کەسانێك بە چەکی ئاگری یان بەو چەکانەی کە ئاگری نین بە مەرجێك نەبێتە مایەی مردنو نەمان.

**ڕفاندنی فڕۆکە**.

ڕێکەوتنامەی مونتریال کە تایبەت بوو بە بنەبڕکردنی ئەو تاوانانەی کە هێرشیان تێدا بوو لەسەر پاراستنو بێوەیی ئەو





فڕۆکانەی کە هاوڵاتیان دەگوێزنەوە، ئەم ڕێکەوتنامەیە لەساڵی ٢٣/ ١٩٧١/٩ ئیمزا کرا[٤٣] کۆمەڵە تیرۆریستەکان پێشکەوتنی زانستیان بە هەل زانی کە لەگەیاندنو گواستنەوەدا گەشەی کردبوو، ئەمەش لەکاتێکدا کە هەندێك لەتیرۆریستەکان هەستان بە فۆستنەوەی ڕۆشتنی فۆڕکەکان لەپێناوی مەرجە ڕامیارییەکانی خۆیاندا کە لەپشتی ئەو فڕۆکانەی کە دەگەڕایەوە بۆ یەکێك لەوڵاتەکان نمونەش لەم بابەتە وەکو ڕفاندنی فڕۆکەیەك لەلایەن فەرەنسییەکانەوە کە (ئەحمەد بن بێلا)ی تیادا بوو، واتە ئەو (ئەحمەد بن بێلا)ی سەرۆکی پێشووی جەزائیری بوو. بە هۆی ڕفاندنی فڕۆکەکانی وڵاتانی جیهانەوە ئیتر گرنگی درا بە کێشەی ڕفاندنی فڕۆکە، بە شێوەیەك کە سێ ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی گرێدرا لەپێناوی ڕووبەڕووبونەی ڕووداوەکانی ڕفاندنی ئەو فڕۆکانەی کە کەسایەتییە ڕامیارییەکانی دەگواستەوە، گرنگترین ئەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیانە ئەمانەن:

أ - ڕێکەوتننامەی تۆکیۆ کە تایبەتبووبە کردنی ئەو کردارە تاوانانەی کە لەپشتی فڕۆکە ئازاد کراوەکان دەکرێن لەبەرواری ١٤/ ٩/ ١٩٦٣ ئیمزا کرا.

ب - ڕێکەوتنی تایبەت بەسەر کوت کردنی دەست بەسەرا گرتنی فڕۆکە بەشێوەیەکی نا سەرەکی، کە لە ١٩٧٠/١/١٦دا نووسراو ئیمزا کرا.

ت - ڕێککەوتنی مۆنتریالی تایبەت بەسەرکوت کردنی تاوانەکانی دەستدرێژی کردنە سەر سەلامەتی فڕۆکەوانی مەدەنی، لە ١٩٧١/٩/٢٣ ئیمزا کرا،

[٤٣] ثامر ابراهيم الجهاني المصدر السابق ص٧٦

بەهۆی مەترسی لەرفاندنی فڕۆکەکان بەشی چوارەمی بڕگەی یەکەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆریستیەکان هەرێمی کوردستان عێراق دەڵێن ئەو کەسەی کە تاوانی دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر فڕۆکەکاندا بە هەموو شێوەکانی دەکات، سزا بدرێت بە سێدارەدان.

### ٣ـ ڕفاندنی ئادەمیزادەکان.

واتە گرتنی ئادەمیزادەکان بە بارمتە لەلایەن تیرۆیستانەوە کە ژیانی خەڵکی بە هەل دەزانن ئەویش بەبارمتە گردتنی خەڵکی لەپێناوی زۆرکردن لەحکومەت، بەمەبەستی گۆڕانی بیرو بۆچوونی خۆی لەکێشە دیاری کراوەکاندا. ئێمە نموونەمان زۆرە لەسەر ڕفاندنی ئادەمیزادەکان بەتایبەتی لەعێراقدا.

زۆر لەئادەمیزادەکان گیراون بە بارمتەو دوای ئەوەی کە داواکاری تیرۆریستەکانیان جێبەجێنەکرووە کوژراون بەڵام سەبارەت بەو دوو بارمتە فەرەنسییەی کە دوو ڕۆژنامە نووس بوون هەروەها هەردووبارمتە ئیتالییەکە کە کاریان دەکرد لەپێناوی پێشکەشکردنی یارمەتییە مرۆیەکاندا هەموویان ئازاد کران لەڕێگە ئەو ڕێکەتنامە نهێنیانەی کە کرا لەنێوان تیرۆرستەکان هەردوو حکومەتی ئیتاڵیاو فەرەنسا ئەمەش لەدوای چەند گفتوگۆیەك کە چەند هەفتەیەکی خایاند.

هەروەها مێژووی هاوچەرخ باسی کارە تیرۆریستەکان دەکات کە سەردەمی ئێستادا ڕویان داوە. لەبارەی ئەو کارە تیرۆستیانەی کە کرا





لەسەردەمی تازەی ئیستادا لەکاتێکدا کە وڵاتی لوبنان شوێنی ڕوودانی گرتنی بارمتە بوو. بەشێوەیەك کە کارەکانی رفاندنی بە بەرنامە دەستی پێکرد بەرفاندنی لایەنەکانی هێزە نیشتمانییەکانی لوبنانو پیاوانی بەرگری فەلەستین. هەرچەندە پەنجەی تاوانباری ڕووبەڕووی چەند وڵاتێك بووەوە وەکو وڵاتی ئێران ئەمەش لەبەر شارەزایی ئێران لەو کارانەدا بەتایبەت بوونی دەستی ئێران لەو کێشەیەی کە ناودەبرا بە کێشەی ئەو بارمتانەی کە لەساڵی ١٩٨٧ ناوبانگیان هەبوو[٤٤].

پسپۆرانی ئەم بابەتە نموونەی زۆر باس دەکەن بەتایبەتی لەبارەی رفاندنی کەشتییەکان دوای ئەوە ڕفاندنی فڕۆکەکان.

لەبەر ئەوە بەراستی هەندێك لەپسپۆرانە وا دەبینین کە رۆژئاواییەکان یادی ڕووداوی رفاندنی کەشتییەکان دەکەنو دەڵێن (ڕفاندنی کەشتی ئەکیلی لاو روکرد بەڵایەکی رفاندنی کەشتی بەڵایەکی تیرۆریستە بەتایبەتی ڕفاندنی کەشتی ئەکیلی لاوروکرد)[٤٥] تیرۆریستییە بەتایبەتی لەڕفاندنی کەشتی ئەکیلی لاوروکرد).

### بەخشینو پاساوی یاسایی و بارودۆخی قەزایی سوککەر

پاساوی یاسایی بەخشین: بارودۆخێکە یاسای لەسەر دامەزراوەو بۆ ئەوەیە بە تەواوی بکەرەکە لەسزادان ببەخشرێ.

پاساوی یاسایی سوککردن: ئەو پاساوەیە کە تەنها سزا یووك دەکاتو کەسەکە نابەخشرێ.

---

[٤٤] دکتور عبداللة سلیمان المقدمات الاساسیة فی القانون الدولی الجنائی دیوان مطوعاُالجامعة الجزائر ١٩٩٢ ص٢٣٧

[٤٥] انظر دکتور نبیل حلمی. الارهاب الدولی دار الهخظة العربیة الطلیعة بیروت ١٩٦٦ ص٨٣

پاساوی بەخشینو پاساوی سوککردن لەوەدا لەیەك دەچن كە هەردووكیان دەقی یاسایی دیاری یان دەكاتو دەبێ دادوەر پابەند بێت بەجێبەجێكردنیانەو بەڵام لەوەشدا لەیەك جیان كە ڕۆڵی یاسایی پاساوی سووككردن تەنها لەسووك كردن یاخود كەمكردنەوەی سزاكەدایە، لەكاتێكدا ڕۆڵی پاساوی بەخشین پەلدەهاوێ بۆ سنووری بەخشینی تەواوی بكەرەكە لەو سزایەی كەشایەنیەتی.

نموونەش بۆ ئەمە، ئەو بەخشینەیە كە مادەی (٢١٨)ی یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری لەسەرداوە، ئەویش بەخشینی ئەو كەلەیە پێش ئەنجامدانی تاوانێكی ئاسایشی لەوەدوڵەتدا دەستپێشخەری بكاتو دەسەڵاتی گشتی لەوتاوانە ئاگادار بكاتەوە. لەبەر ئەوە یاسادانەری عێراقی لەیاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی ڕووبەڕوونەوەی تیرۆردا، ئەمەی ڕەچاوكردووەو لەبڕگەی (یەكی) مادەی پێنجدا دەڵێ: (هەر كەسێ پێش ئاشكراكردنی تاوانەكەیان لەكاتی پلاندانانی تاوانەكەدا هەڵسێ بەئاگادار كردنەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەند، ئەمەش ببێتە هۆی دەستگیركردنی تاوانبارەكان، یان ببێتە هۆی ئەوەی تاوانەكە ئەنجام نەدرێت، ئەوا لەو سزایانە دەبەخشرێت كە لەم یاسایەدا هاتووە).

بەڵام سەبارەت بە پاساوی سووككردنو بارودۆخی یاسایی سووككەر لەوەدا لەیەك دەچن كە لەكاتی جێبەجێكردنیاندا دەبنە هۆی سووككردنی ئەو سزایەی كە پێویستە لەڕووی یاساییەوە بەسەر تاوانبارەكەدا بسەپێنرێ.

لەوەشدا لەیەك جیاوازن كە ئەندازەی بارودۆخی یاسایی سووككەر بۆ دادوەری تایبەتی جێدەهێڵرێتو لەمیانەی ئەو بارودۆخە بابەتیو





كەسییەوە دیاری دەكات، بڕیاری لەسەردەدات كە بووەتە هۆی دروست بوونی ئەو ئیرادەیەو پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانەكە بووە.

دادوەرلەجێبەجێكردنی بارودۆخی سووككەرداو لەدروست بوونی باوەڕی سەبارەت بە حوكمەكەدا ئازادەو لەلایەن دادگای تەمیزەوە بە دوا داچوونی بۆ ناكرێ، بۆیە بارودۆخی دادوەری سووكەر لەیاسادا دیاری نەكراوەو سنووری بۆ دانەنراوە. هەر وەك چۆن دادوەر دەتوانێ پابەند نەبێ بەجێبەجێكردنیەوە ئەمەش پێچەوانەی پاساوی سووككردنەكە بۆ ئەوەی لەلایەن قەزاوە جێبەجێ بكرێ، دەبێ لەیاسادا دیاری كرابێتو سنووری بۆ دانرابێو دەبێ دادوەر پابەند بێت بە جێبەجێكردنەوە.

یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، لەبڕگەی دووی ماددەی پێنجدا سەبارەت بە پاساوی سووككردن هاتووە: (ئەگەر كەسێك بەشێوەیەكی خۆبەخش دوای ئەنجامدان یان ئاشكرابوونی تاوانێك لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندترەوە پێش ئەوەی ئەو كەسە دەستگیر بكرێ بەشێوەیەكی خۆبەخش زانیاری گەیاندە دەسەڵاتی تایبەتمەندو ئەو زانیاریانە بوونە هۆی دەستگیركردنی تاوانبارە بەشدار بووەكانی دی، ئەمە بەپاساوێكی سووككەر دادەنرێ بۆ ئەو تاوانانەی لەماددەی دوودا دیاری كراون).

هەروەها ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتوون لەلایەن یاسادانەری عێراقییەوە بەتاوانی ئاسایی لەكەداركردنی ئابڕوو (بالشرف) دانراوەن. لەبڕگەی (یەكی) ماددەی شەشی هەمان یاسادا هاتووە كە دەست دەگیرێ بەسەر هەموو ماڵو سامانو ئەو كەلو پەلو شتانەی

مەکۆی بیرو هۆشیاری

کە ئامادەکراوە بۆ جێبەجێکردنی کارە تاوانکارییەکەو جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقی لەسەر ئەو شتانەی کە ئەم یاسایە دەقی لەسەر دانەناون

## پێوەری جیاکردنەوە لەنێوان تیرۆرو ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا

لەزۆرکاتدا تیرۆر نزیك دەبێتەوە لەڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەشێوەی سروشتیو جێبەجێکردنی بەرهەمەکانی تێکەڵاو بەڕووبەڕووبونەوەی چەکدارییەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو پاشماوانەی کە لەتیرۆر دەکەوێتەوە لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری، بەتایبەتی لەو کارانەی کە پەیوەندی هەیە بەڕووخاندنی شتە ئاشکراو شاراوەکانەوە هەیە هەروەها هەردووکیان لەیەك دەچن لەرووی ئەوەی کە هۆکارێکی کاریگەرەو لەپڕ ڕوو دەدات، وەك چۆن هەردووکیان چەند هەرێمێکیان کردووە بە گۆڕەپانی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیانو هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ووردبینی نەکردن لەدۆزینەوەو پێناسەکردن، ئەمەش لەبەر پێگەو شوێنو کاریگەری ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەگەڵ هەردوو جۆرەکەدایە:

بەڵام ئێمە دەتوانین پشت ببەستین بەیەك پێوەر کە بریتییە لەپێوەری پاڵنەری هاندان (الباعث الدافع) بۆ هەریەکێك لەکارە





مەکۆی بیرو هۆشیاری

تۆقێنەرەکانو ئەو کارانەی کە تایبەتە بەروو بەڕووبوونەوەی چەکداری[٤٧].

پاڵنەرەکانی ئەو کارانە بەڕێگەپێدانی ڕاستی بە بەرەنگاری کردنەوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین: ئەو زیندوکەرەوەو هاندەرەی کە هاوبەشە بۆ هەموو کارەکانی بەرگریکەران، بریتییە لەزۆرکردن لەو دامودەزگا دکتاتۆریانەو هێزە بێگانەکان. ئەو هێزانەی کە هەڵگری پەیامی بەڕاست زانینی مافەکانی بەرگریکەرانو دان دەنێن بەگۆڕانی یەك لایەنە بەمافەکانی ئەو گەلانەی کە ستەمیان لێکراوەو بێ دەنگ کراوان، لەبەر ئەوە شوێنکەوتنی ڕێگەی توندوتیژی لەلای کۆمەڵانی نەتەوە پەرستی دادەنرێت بە کارێکی ڕێگەپێدراو بۆ بەکارهێنانی هێز.

بەڵام پاڵنەری کارە تیرۆریستییەکان بریتییە لەتوڕەکردنو کوشتنو ڕوخاندنو بڵاوکردنەوەی گێرەشێوێنی. بەڵام پاڵنەرەکانی کاری بەرگریکردنی نیشتمانیو نەتەوەیی کارێکی ڕێگەپێدراوە. چونکە ڕازی نەبوون بەو ستەمەی کە دەکرێت لەنەتەوەیەك یان کۆمەڵێك یان پێکهاتێك لەپێکهاتەکانی وڵات ئاشکرا کراوەو دیارە[٤٨].

ئەم کۆمەڵانە بەرگریکردنی خۆیانیان ڕاگەیاندووە لەڕێگەی بەرگریکردن، ئەو بەرگریکردنەی کە ڕێگەی پێدراوە. لێرە ئێمە بێ

---

[٤٧] جورج طعمة، القضية الفلسطينية والصراع العربى الاسرائيل فى الامم المتحدة ١٩٦٥ مجلة شؤان فلسطينية العدد (٤١) سنة ١٩٧٥ ص١٣٤

[٤٨] الدكتور حسين عبدالخالق حسون ـ الشرعية الدولية الحرب ـ اكتوبر عام ١٩٧٣ ـ المجلة المصرية للقانون الدولى مجلة٣٠ في ١٩٧٤ ص١٦٥

مەکتەبی بیروهۆشیاری

توانایی دەبینین لەجیاکردنەوەی کارە تیرۆریستییەکاندا لەگەڵ ئەو بەرگرییەی کە ڕێگەی پێدراوە سەرەبات بەو کۆمەڵانەی کە ڕووبەڕووی چەکداری دەکەن، نموونە لەسەر ئەوە، وەکو ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا لەخوێندنگایەکی سەرەتایی لەڕوسیادا ڕویدا ئایا ئەم کارەی حکومەتی ڕوسیا دەچێتە ناو تاوانە تیرۆریستییەکانەوە یان تەنها تاوانێکە کە سوپا بەرپرسیارە لێی، ئەو سوپایەی کەپۆتینی سەرۆکی ڕوسیا سەرکردایەتی دەکات[٤٩].

---

[٤٩] الدكتور عائشة راتب المسلحة ـ الجمعية المصر للقانون الدولي ـ دراسات في القانون الدولي ص٢٢١ ـ ٢٢٢





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی شەشەم

# بەرپرسیارێتی لەکاری تیرۆریستی





دەگونجێت پێناسەی بەرپرسیاریەتی بەشێوەیەکی کورت کە بریتییە لەبەرپرسیارێتی لەکارو تاوانەکاندا بەشێوەیەك کە هەموو کەس بەرپرسیارە لەکاتی گوێ نەدان بە یاساکانی بەرپرسیارێتی، بەرپرسیارە لەدەرەکەوتنی هەر هێرشێك کە دروست دەبێت بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەو یاسانەی کەوا نابێتە زەرەر بۆ کەسانێکی تر یان نابێتە مایەی خۆپاراستن لەکاتی هەستان بە هەرکارێکدا ، لەبەر ئەوەی کە کارە تیرۆریستییەکان دەبێتە پێکهێنانی ترس یان هێرش کردن بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتیو دەبێتە بەخشینی زیان بە تاکە کەسایەتییەکان لەبەر ئەوە چەند بەرپرسیارێتییەك دروست دەبێت لەکاتی هەستان بەکارە تیرۆرستیەکان. چونکە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی یەکێکە لەدیاردەکانی ئەو بەرپرسیارێتییە، ئەمە بێجگە لەدروست بوونی بەرپرسیارێتی تاوانکاریو بەرپرسیارێتی مەدەنی. لەداهاتوودا ڕێگە بەباس کردنی جۆرەکانی بەرپرسیارێتی دەگرینە بەر بەشێوەیەکی کورت.

**یەکەم: بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەتیرۆر:** ـ بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی، لەکاتێکدا بەرپرسیارە کە کۆمەکی یان یارمەتی کۆمەڵە تیرۆریستییەکان دەکاتو ئەم کۆمەکییە دەکرێت لەڕێگەی پەرەپێدان یان پێدانی چەكو تەقەمەنی شەڕەوە بێت.

لەپاشاندا هەندێك لەو وڵاتانە هەڵدەسن بەپێدانی شوێنی جێگیرو حەوانەوەو شوێنی خۆراهێنانی سەربازی لەوڵاتەکانی خۆیاندا.

مەکۆی بیروهۆشیاری

لەداهاتوودا بیروبۆچوونی بەرپرسیارێتی شیدەکەینەوە لەدوو قەوارەدا.

یەکەم : بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی کە پەیوەستە بەقەدەغەکردنی کارە تیرۆریستییەکانەوە، ئەو کارانەی کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیانەی کە تایبەتە بە ڕوو بەڕووبونەوەی تیرۆر، ئەمەش بەشێوەیەك کە هەموو وڵاتانی جیهان پەیوەستە بە پێویست زانینی یارمەتی نەدانی کۆمەڵە تیرۆریستەکانەوە کە خۆیان لەپاڵ ئەو ڕێکەوتننامەدا دادەنێن کە تایبەتە بەڕووبەڕوو بوونەوەی کارە تیرۆریستییەکانو بنە بڕکردنیان.

نموونە لەسەر پاڵدانی وڵاتەکان بۆلای ئەو ڕێکەوتنانەی کە تایبەتە بەبنەبڕکردنی دەسەڵات بەسەر فرۆکەکاندا بەشێوەیەکی ڕێگەپێ نەدراو، وەکو ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە گرێ بەست کرا لە ١٦ سپتمەبەر ساڵی ١٩٧٠ [٥٠] لەبەر ئەوە پێویستە هەر وڵاتێك کە هەڵدەسێت بە ئاسانکاری بۆ کاری ڕفاندنی فرۆکە قەدەغە بکرێتو دانانی سزایەکی بۆ دابنرێت کە بێتە مایەی وازهێنانی هەموو ئەو کەسانەی کە بەکاری ڕفاندنی فڕۆکە هەڵدەستن ڕفاندنی فرۆکە. چونکە گوێ نەدانو پەیوەست نەبوون بەو ڕێککەوتننامانەوە دەبێتە مایەی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی بەرامبەر هەر یارمەتییەك کە دەکرێت بۆ بنەبڕکردنی کارە تیرۆریستیەکان لەپاش ئەوە ئەو وڵاتانە بەرپرسیارن

[٥٠] الدكتور احمد محمد رفعت والدكتور صالح بكر طيار الارهاب الدولى طبعة الاولى مركز الدراسات العربى الاوروبى ١٩٩٨ ص٢٣١





مەکۆی بیروهۆشیاری

بەرامبەر پڕکردنەوەی گونجاو بۆ ئەو وڵاتانەی کە دروشمی فڕۆکە ڕفێندراوەکان بەرزدەکەنەوە لەوڵاتەکانیادا.

٢ــ بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەدەرەوەی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان، چونکە لەلای ئەوان پابەند بوونی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بەبنەبڕکردنی کارە تیرۆریستییەکان، ئەمەش بەشێوەیەك کە بڕگە گشتییەکان لەیاسای نێودەوڵەتیدا بە پێوستی دەزانێت کە هەرێمەکان لەمەبەستی کارە تیرۆریستییەکان واتە ئەو پانتایانەی کە دەسەڵاتیان تێدا بەرێوە دەچێت لەلایەن کۆمەڵە تیرۆرستەکانەوە. ئێمە پشتگیری ئەوانە دەکەین کە دەڵێن: خۆ بە بەپرسیاری زانین بەرامبەر ئەو ڕێکەوتننامانە گشتییەو هەموو وڵاتێك دەگرێتەوە، لەم بارەیەوە دوو بیروبۆچوون هەیە.

أـ بیروبۆچوونی خراپ: ـ واتە قەدەغە کردنی هەر وڵاتێك لەهاندانو جوڵاندن لەسەر کارە تیرۆریستییەکان کەوا ڕووبەڕووی وڵاتێکی تر دەبێتەوە.

ب ـ بیروبۆچوونی باش: ـ کە خۆی دەبینێتەوە لەپەیوەست بوون بەو بڕیارانەی کە لەئەستۆی هەموو وڵاتەکانن بەگرتنە بەری هەموو ڕێگەو شوێنێك دژی ئەو کەسەی کە کارە تیرۆریستییەکان بەکاردەهێنێتو ڕووبەڕووی وڵاتێکی تری دەکات.

ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەم پەیوەست بوونە دەچێتە قەوارەی هەست کردنی هەموو وڵاتێك بە پاراستنی ئاسایشو گەورەیی

وڵاتـەکانی تـرو ڕێگەنـەدان بـە توانـای تیرۆریـستەکان کـە مەبەسـتی نەهێشتنی باری ئاسایش وڵاتێکی تر دەکرێت[51].

### دووەم بەرپرسیارێتی مەدەنی لەکارە تیرۆریستییەکاندا

بەڕاستی بەرپرسیارێتی شارستانی بەشێوەی گشتی لەسەر بوونی ئەم سێ ڕەگەزە وەستاوە:

١ـ هەڵـە (الخطـأ) واتـا کردارێکـی ڕێگـە پـێ نـەدراو. لەکۆنـدا بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەبیروبۆچوونی هەڵەوە وەستاوە، بـەڵام لەسـەردەمی نوێـدا هـەموو بیـستنەکان ڕوو دەکاتـە ئـەوەی کـە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی لەسەر بیروبۆچونێکی هەڵەی سەپێنراو وەستاوە (بیردۆزە ترسناکەکان).

بـەپێی ئـەم بیردۆزە نوێیـە هـەموو ڕێکەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان ڕووەو قـەرەبوو کردنـەوە دەچـن لـەکاتی ڕوودانـی زەرەرو زیـان و ئـەم بەرپرسـیارێتییە بـە بەرپرسـیارێتێکی بـەربڵاو دیـاری نـەکراو ناودەبرێت[52].

---

[51] المحامى/ ثامر ابراهيم الجهالى المصدر السابق ص١٣٣

[52] حيث أشار الكثير من الانفاقيات الدولية بموجوب التعويض عن الاضرار الناجحة عن خطف الطائرات الأجنبية بغض النظر عن المسؤولية الدولية حيث أكدت اتفاقية روما في ١٩٣٢/٥/٢٩ اتفاقية بروكسل لعام ١٩٣٨ وأخيراً جارة اتفاقية روما فى ١٩٥٢/١٠/٧ خاصة بالأخر التى تحدثها الطلئرات الأجنبيه للطرف الأخر على سطح الأراضى وأكدت اتفاقية باريس فى ١٩٦٠/٧/٢٩ بحصوله الاضرار الاضرارالناجحة عن الطائرات المحامى ثامر ابراهيم الجهماني فى تفصيل الاتفاقيات المرجع السابق ص ١٢٥





٢ـ زیـان (الـضرر). ئـەو زیـان و زەرەی کـە بـەهۆی کـاری تیرۆرەوە دەکەوێتەوە، ڕەنگە لایەنی مادی یاخود دەرونی بگرێتەوە کە تووشی چەندەها کەس دەبێت (المجنى عليه) واتە پێی دەوترێت ئەو کەسە کە تاوانی لێکراوە.

زۆر لـەخاوەن توێـژەرەکان وا بـۆی دەچـن کـە یەکـەم بەرکـەوتنی تـوڕەیی یـان دەروونـی زۆر دەکەوێتـەوە بـەهۆی کـاری تیرۆرسـتییەوە لەبەر ئەوە باوەڕمان وایە کە پڕکردنەوەی هەر زەرەو زیانێك هـەموو ئـەو زەرەو زیانانـە دەگرێتـەوە کـە بـەهۆی کـاری تیرۆرسـتییەوە دەکەوێتە، ئیتر ئایائەو زەرەرەکە زەرەرێکی دیار بێت یان نادیار بێت.

ئـالێرەدا بەرپرسـیارێتی ڕادەوەسـتێت لەسـەر ئـەو قەرەبوکردنـەوە گشتییەو هەموو زیانەکان دەگرێتەوە، ئیتر زەرەرەکە زەرەرێکی گیانی ببێـت یـان دەروونـی، چـونکە مەبەسـتی تاوانبـار لەتاوانـە تیرۆریستییەکاندا، بریتییە لەرووخانێکی توندی سیستەمی گشتی یان دروست کردنـی تـرس لـەلای هاوڵاتیـان ئـەم ترسـە پێویـستە قـەرەبو بکرێتەوە بەپشت بەستن بە پرنسیپی قەرەبو کردنەوە ئەو پرنسیپەی گـشتییە هـەموو زیانـە گیانییـەکان دەگرێتـەوە. ئـەوەش لەبـەر ئـەو شیکردنەوە تایبەتییە لەساڵی ١٩٨٧ لەکوێت کرا[53].

٣ـ پەیوەندی هۆکاری لەنێوان هەڵەو زەرەورو زیان (العلاقة السببية الخطأ والظرر) هەستان بەکاری تیرۆرستی دەبێتە هۆی دروست بوونی زەرەری گیانیو دەروونی بۆ کۆمەڵێك لەخەڵکی. لەبەر ئـەوە پێویـستە

---

[53] النظم الدكتور احمد السعيد الزقرد تعويض اضرار عن جريمة الارهابية قسم الثانى المنشورجى فى مجلة الحقوق الكويتية سنة الحادية العشرون العدد الرابع ديسمبر ١٩٩٧ ص ٢٧ وما بعدها

ئەو زەرەرو زیانانە پڕبكرێتەوە، ئەمەش پاڵپشتە لەسەر بنەمای پێویستی بوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو هەڵەیەی كە لەكاری تیرۆر دەكەوێتەوە لەگەڵ ئەو زەرەرو زیانەی كە دەرەنجامی كارەكەیە ئەم پەیوەندییە سەپێنراوە بەوەی هەموو كارێكی تیرۆریستی ترسێكی زۆری لێدەكەوێتەوەو توشی تاكەكانی كۆمەڵگا دەبێت، ئەمەش لەوترسە گشتییە دەكەوێتەوە كە بەهۆی كاری تیرۆرستییەوە دەكرێت.

**٣ـ بەرپرسیارێتی تاوانكاری لەكاری تیرۆرستیدا ( المسؤولية الجنائية عن الاعمال الارهابية )**

ئەم بەرپرسیارێتییە دابەشدەكرێت بۆ دوو جۆری سەرەكی: ـ

یەكەمیان : تایبەتە بە بەرپرسیارێتی تاوانی هەموو تاكە كەسەكان...

دووەمیان : لەقەوارەی بەرپرسیارێتی تاوانی دەردەچێتو دەچێتە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیەوە كە پێی... دەوترێت بەرپرسیارێتی كەسێكی نادیار واتە (الشخص المجهول)

**یەكەم:** بەرپرسیارێتی تاوانی لەتاكە كەسەكان، هەموو وڵاتێك پابەندە بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان یان بەگرتنو دانەوەی ئەو كەسانەی كە كارە تیرۆریستییەكانیان كردووە.

بەپرسیارێتی تاكەكەسەكان لەتاوانە تیرۆریستییەكان لەسەر ئەوە دەبێت كە تیرۆرستەكان خاوەنی ژیرییەكی تەواون، ئەو ژیرییەی كە بەبنەرەتی دادەنرێت سەبارەت بە بەرپرسیارێتی تاكەكەس لەیاسای تاوانە نێودەوڵەتییەكان، لەبەر ئەوە هەموو گومان لێكراوێك بە تاوانی





تیرۆر ڕووبەڕووی سزای لەناوبردن یان زیندانی دەبێتەوە بەپێی ترسناكی هەر كارێكی تیرۆریستی[٥٤].

دووەم: بوونی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتیەكی تر، بەهۆی حەزو ئارەزووی هەر وڵاتێك لەخۆ ڕزگاركردن لەبەرپرسیارێتی تاوانە تیرۆریستییەكان، چونكە لەكاتی دانپیانان بەهەر بەرپرسیارێتییەكی نێودەوڵەتی بە تاوانەكان بەرامبەر بە هەر وڵاتێكی تر لەبەر ئەوەی هەندێك لەسزاكان ناگونجێت كە وا سزای لەناوبردن یان زیندانی بسەپێنرێت بەسەریدا، ئەوەش لەبەر ئەوەی كە هەندێك لەو سزایانە لەگەڵ سروشتی كەسایەتییە یاساییە نێودەوڵەتییەكاندا دەگونجێت نموونەش لەسەر سزا ئابوورییەكانو بڕینی پەیوەند دبلۆماسییەكان، پاشان سزای گەمارۆدان لەسەر دەریاكانو پەیوەندی بڕین. لەبەر ئەوە دەركردنی سزا لەهەندێك حاڵەتدا وێنەیەكی دەرچوونی هەر ڕۆشنكردنەوەیەك لەوەزارەتی دەرەوەی هەندێ لەوڵاتە گەورەكان مەبەستێتی ئەوڵاتانەی كە كۆمەكی كارە تیرۆرستیەكان دەكەن بگرێتەوە، لەم شێوەیەش هەریەك لەوڵاتی لیبیاو عێراقو ئێران تا دوا وڵات لەو وڵاتانەی كە ساڵانە وڵاتە یەكگرتووەكان هەڵدەسن بە بە ئاشكراكردنی ناوی ئەو وڵاتانەی كە كۆمەكی تیرۆر دەكەن[٥٥].

هەندێك لەبڕیارە تایبەتییەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆرەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق دەڵێت كەوا: ـ

---

[٥٤] دكتور احمد محمد رفعت مقدمة لدراسة القانون الدولى لحقوق الانسان دار النهضة العربية ١٩٨٥ ـ ص١٠٣.

[٥٥] دكتور احمد جلال عزالدين مكافحة الارهاب دار الشعب القاهرة ١٩٨٧ ص ٢٥

١ـ ڕێگەپێدانی هەر گومان لێکراوێك دروست نییە بە کردنی تاوانە تیرۆرەکان کە ببێتە (کفیل) لەهەردوو قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردندا تا دەرچوونی بڕیارێك یەکلاکردنەوەی داواکە[٥٦].

٢ـ دەست دەگیرێت بەسەر سەروەتو سامانی گوێزراوە نەگوێزراوەی هەموو ڕێکخراوو لایەنو ئەنجومەن دامو دەزگایەكو ئەو کۆمەڵانەی یان ئەو تاکە کەسانەی کەوا تاوانبارکراون بە تاوانە تۆقێنەرەکان بە بڕیاری دادگا[٥٧].

٣ـ کردنی هەر کارێك لەکارە تیرۆریستییەکان ئەو کارانەی کەدەقی لەسەر هاتووە لەم یاسایەدا، دادەنرێت بە دروستکردنی حاڵەتێکی بە تینو بە گوڕ لەهەموو بڕیارەکانی هەردوو بڕگەی ١٣٥ ـ ١٣٦ یاسای سزای عێراقی ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەسەریدا دەڕوانن، دەیگرێتەوە[٥٨] دروست نییە بۆ هیچ دادگایە بە هێنانەوەی حاڵەتێکی کارکردنی ئاسانکراو یان هێنانەوەی ئەو هۆکارە یاساییانە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو کارانە دەکەن[٥٩].

٤ـ تاوانە تیرۆریستییەکان، بەو تاوانانەی دادەنرێن کە دەبێتە لەقاندنی پاکایەتی ناموس، بۆیە پێویستە لەسەر دادگا کە دان بەو تاوانەدا بنێت، ئەویش بە دەرکردنی بڕیارێك لەدادگا[٦٠].

---

[٥٦] انظر المادة (٦) من قانون العقوبات رقم ١١ السنة ١٩٦٩

[٥٧] انظر المادة (١٢)

[٥٨] انظر المادة(١٣٥ ـ ١٣٦)

[٥٩] انظر المادة (١٣)

[٦٠] انظر المادة (١٤)





٥ـ پێویستە مامەڵەکردنی گومانلێکراو بەپێی بڕیارەکانی ئەم یاسایە (واتە پێویستە مامەڵەکردنێکی یاسایو دادپەروەرانە) بێت لەهەموو قۆناغەکانی دووپات کردنەوە، لەناو ئەوانەشدا دڵنیابوون لەدانانی پارێزەرێك بۆ داکۆکی کردن لە گومان لێکراو[٦١] دروست نییە بەکارهێنانی سزادانی لاشەیی یان دەروونی یان مامەڵەکردن بەشێوەیەکی نامرۆڤانە. ئەوە مافی خۆیەتی هەروەها هیچ بڕواناکرێت بەدانپێدانەی کە بە زۆرە ملێ دادەنرێت لەو ئادەمیزادە یان بە هەڕەشەکردنو سزادان یان گفت پێدانی درۆو ترساندن، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر بێتو ئەم شتانە بێ هێزو بێ توانا بوو لەهەموو بەڵگەیەکی یاسایی تر هەروەها بۆ گومان لێکراو هەیە مافی لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە هەڵدەسن بە دووپات کردنەوەی لەگەڵیدا. ئەمەش بەو پێیەی کەوا ئادەمیزادەو مافی پرسیارکردنی هەیە بۆیە ئەگە هاتوو تووشی زیانێکی ماڵی گەورە بوو بە هۆی بەکارهێنانی هۆکارێك لەو هۆکارانەی کە باس کراوە.

٦ـ لێبوردن هەیە لەهەموو ئەو سزایانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەسێت بە هەواڵدانی دەسەڵات دارانی ئەم کارانە، پێش دەرکەوتنی تاوانەکە یان لەکاتی پلان دانان بۆ ئەو کارە یان هەواڵەکەی یارمەتی گرتنی تاوانبارانی کرد یان بووە هۆی نەکردنی ئەو کارە تاوانە[٦٢].

---

[٦١] انظر المادة (١٥)

[٦٢] انظر المادة (٨)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

٧. بەخشیشێك بە ئەندازەی پانزە ملیۆن دینار دەدرێت بەو کەسەی کە زانیاری ڕاستو تەواو پێشکەش بەو شوێنانە دەکات کە کاریان پاککردنەوەی کۆمەڵگایە لەکارە تیرۆریستییەکان، هەروەها ئەم بەخشیشە دەدرێت بەو کەسەی کەوا زانیاری ڕاستو دروست دەدات لەبارەی ئەو کەسانەی کە بەشداری دەکەن لەو کارانەدا پێش ئەوەی ئەو کارانە ڕوودات و ئەندازەی ئەم پارەیە کەمو زۆری بەسەردا دێت بەپێی باری ئابوری و ڕامیاری و ئاسایشی وڵات[٦٣] .

## میکانیزمی ڕێکخستنی کاری تیرۆر یان جێبەجێکردنی کاری تیرۆر.

کاری تیرۆرستی کارێکی ئاڵۆزەو پێویستی بەرێکخستنی میکانیزمی هەیە. بەتێبینیکردنی پێکهاتەی کارە تۆقێنەرەکان، سێ ڕەگەزی سەرەکی بەدی دەکەین[٦٤] .

١ـ ملکەچکردن یان پشت بەستنی سەرکردەکان بە چەند بیروبۆچونێکی لاوەکی (شاز). ئەو بیروبۆچوونانە کە خەڵکی لەسەری ڕانەهاتوون و خویان پێوە نەگرتووە کە لەسەر واتایەکی خراپ وەستاوە و ڕاگر نییە بۆ هەندێك لەبیروباوەرە ناسراوەکان، نموونەش لەسەر ئەوە، وەکو ڕێکخراوی قاعیدە کە ئوسامە بن لادن سەرکردایەتی دەکات بەشێوەیەك کە ئەو ڕێکخراوە پشت بەبیروباوەڕە سادەکانی ئاینی پاکی ئیسلام دەبەستێت. چونکە ئاینی ئیسلام

[٦٣] انظر المادة (٩)

[٦٤] دکتور محمد معروف عبداللة مجموعة محاضرات التي القاها على طلبة الدكتورا في القانون لجامعة كويه سنة ٢٠٠٤





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بانگێشە دەکات بەپشت بەستن بە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تردا، چەندەها ئایەتی زۆر هاتووە لەقورئانی پیرۆزدا کە بانگێشەی موسڵمانان دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەبری توندوتیژی لەگەڵ ئەوانەی کە موسڵمان نین. چوار ئایەت لەقورئانی پیرۆزدا باس دەکەین کە لەو ئایەتانەن کە بەڵگەن لەسەر گرتنی ڕێگەی گفتوگۆکردن نەك ڕێگەی توندوتیژی.

ئەو ئایەتانەش وەکو ئەو ئایەتەیەی کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێت. (ادع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة) (وجدلهم بالتى هي أحسن)[٦٥]

هەروەها وەکو ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە تێدا فەرمویەتی (لا إكراه في الدين)[٦٦] هەروەها وەکو ئایەتی (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر)[٦٧] بێجگە لەم ئایەتانە، ئاین دامەزراوە لەسەر بیروباوەڕی سەربەخۆیی لەبیروباوەڕدا، چونکە ئاینی ئیسلام پشت بە نەبوونی زۆرە ملێ دەبەستێت لەسەربەخۆی ملکەچ کردنی بۆ ئایینی ئیسلام خوای گەورە دەفەرموێت (قل يايها الكافرون ...... لكم دينكم ولى دين)[٦٨]

٢. پشت بەستنی تیرۆرستان بە ڕێکخستنی نهێنی واتە ڕێکخستنی تیرۆر لەسەر نهێنی بەندە لەگەڵ پشت بەستن بە بیروباوەڕی

[٦٥] سورة النحل اية/ ١٢٥

[٦٦] سورة البقرة/ اية/٢٥٦.

[٦٧] سورة الكهف اية/٢٩.

[٦٨] سورة الكافرون اية /٦

ڕێکخستنی نهێنیو شاراوە لەبەر ئەوە ناتوانرێت ئەندامەکانی ئەو ڕێکخستنە بناسرێن بەئەنجومەنی نهێنیو شاراوە کە بریتییە لەو ئەنجومەنانەی هەموو کارە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدەن یان هەندێکیان بەنهێنیو شاراوە یان مەبەستیان لەو کارانە دژایەتی یاسایە یان داپۆشینی ڕاستییەکانە، ئەمەش لەڕێگەی بلاوکردنەوەی ڕۆشنکردنەوەو ڕوون کردنەوە بەشێوەی درۆ لەلایەن دەسەلاتە تایبەتییەکانی ئەم کارانەوە.

یان بلاوکراوەکانیان بە کەمو کوڕی بلاو دەکەنەوە یان بلاوکراوەکانیان تەنها لە باسکردنی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانیان دەوێ* (التنظيمات الساسية) لەگەڵ ناوی ئەندامەکانیانو کارەکانیانو بابەتی کۆبوونەوەکانیان لەبەر ئەوە نهێنی هەموو ئەنجومەنێك یان هەر کۆمەڵێك کە مۆرکی ئەنجومەنی هەیە قەدەغەکراوە ئەگەر هاتوو مەبەستیان دژایەتی یاسا بێتو ئەنجام دانی کارەکان بێت بەنهێنی. هەروەها لەکاتی نەبوونی هەر ڕۆشنکردنەوەیەك بۆ ئەو پارەیەی کە بۆیان دێت.

لەگەڵ نەزانینی سەرچاوەی سەروەتو سامانیان یان پێشکەشکردنی هەر زانیارییەکی درۆ یان کەمو کورت ئەوانە لەبەندی ٣٢٧ یاسای سزای سوریو یاسای سزادانی عێراقی داهاتووە کە سزای هەریەکێك

* لەبڕگەی ٣ ماددەی ٢٠٥ی قانونی عقوباتی عیراقیدا داهاتووە کە: (تعتبر جمعية سرية كل جمعية تقوم بأعمالها كلها أو بعضها سراً أو يكون غرضها منافيا للقانون أو تستر غرضها المزكور بأعطاء السلطات المختصة بيانات كاذبة أو ناقصه عن ذلك الغرض أو عن انظمتها الاساسية أو وسيلة عملها او اسماء اعضائها أو ظائفهم أو موضوع اجتماعاتها)





لەتاکە کەسەکانی ئەو ئەنجومەنە بەپێی کاریگەرێتی کاری ئەندامەکان دەبێت ئیتر ئایا ئەو ئەندامە بەدی هێنەری ئەو ئەنجومەنە بێت یان دامەزرێنەری ئەو ئەنجومەنە بێت. ئەمەش لەبەندی ٢٠٤ـ ٢٠٥ ق ع ع دا هاتووە. بزانن کەوا بەشی یەکەم لەبڕگەی یەکەم لەیاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە تیرۆریستیەکان لەهەرێمی کوردستاندا سزای ئەو کەسە دەدات بەسێدارەدان کە تاوانێك بکات کە بریتی بێت لەدامەزراندنی یان ڕێکخستن یان بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێك یان ئەنجومەنێك یان دەزگایەك یان کەسانێکی یاخی بوو یان فەرمانگەیەك یان کۆمەڵێك یان سەرپەرشتیکردنی پێشەوایەتی یان پێشەوایەتی کردن بە مەبەستی کردنی یەکێك لەتاوانە تیرۆریستییەکان ئەو تاوانانەی کە بەدەق ووتراوە لەو یاسایەدا.

٣ـ کۆمەکی پارەو سامان، ئەو پارەو سامانەی کە دروشمەکانی ئاشکرا نییە: واتە سەرچاوەی پارەو سامان بۆ ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان هەندێکیان لەڕێگەی بەخشینی زەکاتو خێرەوە پێیان دەگات یان لەرێگەی شۆراوەی ماڵو سامان.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# کۆتایی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڕاستی تیرۆر تاوانێکی نێودەوڵەتیو نیشتمانییە لەیەك كاتدا، ئەوەش بەهۆی ئەو ترسانەی کە لەکارە تیرۆریستیەکان دەکەوێتەوە، هەروەها وڵاتەکان نەگەیشتونەتە شوێنو دیاری کردنی واتای تیرۆر لەو ڕێکەوتننامانەی کە لەنێوانیاندا کراوە.

لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیازی ئەوە دەکەین هەموو وڵاتێك لەقەوارەی هەرێمی خۆیدا یاسایەکی تایبەتی سەبارەت بەڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەربکەن. تا بتوانن لەژێر سایەی ئەو یاسایەدا مامەڵە لەگەڵ گومانلێکراواندا بکەن هەر لەم بارەیەوە پێشنیازی ئەمانەی لای خوارەوە دەکەین: ـ

١. پێشکەش نەکردنی لێ خۆش بوون التنازل بۆ تیرۆرستانو گرێنە دانی گرێ بەست لەگەڵیاندا. چونکە ئەمانە دەبنە مایە هاندانیانو بەردەوامبونیان لەسەر کارە تیرۆرستیەکان.

٢ـ بەپێویست زانینی پێشکەش کردنی تیرۆرستان بە دادگا بەشێوەیەکی بە پەلە. ئومێد پێشاننەدانو دوانەخستنی کاروانی یەك لاکردنەوەی تاوانە تیرۆریستیەکان.

٣. کە نارگرتنی ئەو وڵاتانەی کە تیرۆرستان بەخێو دەکەنو زۆر کردن لێیان بۆ گۆڕینی ڕێگەیان بەرامبەر بە تیرۆرستان، باشترین نموونە لەسەر ئەوە وەکو بیروبۆچوونی وڵاتی لیبیا کاتێك کە زۆری لەخۆی کرد کە وڵاتەکەی پاك کاتەوە لەچەکە کیمیاوییەکانو کۆمەك

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نـــەکردنی ڕێکخـــراوە تیرۆرســـتەکان بـــە بەخـــشینی قـــەرەبوو بـــۆ قوربانییەکانی تەقینەوەکەی فڕۆکەی لۆکەربی لەساڵی ١٩٨٨دا.

٤ـ پێویستی هاوکاری جیهانی سەبارەت بە ڕووبەرووبوونەوەی تیرۆر بەتایبـــەتی لـــەو لایەنـــەی کـــە پەیوەنـــدی بـــە گۆڕینـــەوەی زانیـــاری ئاسایـــشییەوە هەیـــە، بەتایبـــەتی ئـــەو زانیاریانـــەی کـــە تایبـــەتن بـــە تۆمەتبار کردنی کاری تاوانە تیرۆرستییەکان.

٥ــ گرنگـــی دان بـــەهۆکارەکانی میـــدیاکان بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی ئـــەو کارانەی کە کاری ئادەمیزادی نین و لەلایەن ئەو کۆمەڵە موسڵمانانەی کە تیرۆرستن ئەنجام دەدرێن.

٦ـ گرنگیـــدان بەکردنـــەوەی کـــۆنگرەو خـــولی تایبـــەت بەتێگەیـــشتنی بیروبۆچـــوون و ڕۆشـــنبیری ســـەبارەت بـــە ئـــایینی ئیـــسلام، لەڕێگـــەی میدیاکانەوە.

٧ـ ڕێزگرتنی شوێنە پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلام، شوێنی خوا پەرستی بۆ ڕاکێشانی بیروبۆچوونی ئیسلامی بۆ خەڵکی.

٨ــ پێویـــستە دادگایـــەکی بـــاڵای تـــاوان بـــاڵا دابمـــەزرێ لەهـــەرێمی کوردستاندا کە تایبەت بێت بەسەیرکردنی ئەو تاوانانـەی کـە لەیاسای بەرنگاربوونـەی تـاوانی تـیرۆر لەهـەرێمی کوردسـتاندا هـاتووە. لەبـەر ئـەوەی یاسـای بنـەماکانی دادگایی کردنـی سـزایی ژمـارە ٢٣ سـاڵی ١٩٧١ هـــیچ دادگایـــەکی تایبـــەتی دیـــاری نـــەکردووە کـــە تایبـــەت بـــێ بـــەم تاوانانەوە.

٩ــ لـــەکاتی چەســـپاندنی یاســـای نەهێـــشتنی تـــیرۆر لەهـــەرێمی کوردستاندا کاتێك بەرپرسیاریەتی دەخرێتە پاڵ کەسایەتی مەعنەوی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

(الشخص المعنوی) نابێت بەرپرسیاریەتی کەسایەتی سروشتی (الـشخص الطبیعـی) وەلاوە بنـرێ، واتـە هەریـەك لـە (شـخص معنـوي و شـخص طبیعـی) بەرپرسـیاریەتی تاوانکـاری دەکەوێتـە ئەسـتۆیان لـەتاوانی تیرۆردا.

١٠ــ پێویـــستە دەقێکـــی یاســـای لەیاســـای نەهێـــشتنی تـــاوانی تـــیرۆر لەهەرێمی کوردسـتاندا هەبـێ کە تیایـدا ئـەوەهاتبێت کە نابـێ داوای تاوانکـاری تایبـەت بـە تـیرۆر کۆتـایی پـێ بێـت ئەگەرچـی ماوەیـەکی زۆریشی بەسەرا تێپەڕیبێت وەنا بـێ سـزا کۆتـایی پـێ بێـت لـەتاوانی تیرۆردا کاتێ حوکم بەسەر کەسێکدا درابـێ بـە تـاوانی تـیرۆر بـەپێی یاسا.

مەکتەبی بیر وهۆشیاری

# سەرچاوەکان





مەکتەبی بیر وهۆشیاری


*** القرأن الكريم**

١ـ بدائع السلك في طبائع الملك ـ وزارة الاعلام ـ بغداد ـ ١٩٧٨ الجزء الثانى.

٢ـ ثامر ابراهيم الجهماني ـ مفهوم الارهاب في القانون الدولى (دراسة قانونية) دار الحوران لطباعة والنشر ـ دمشق.

٣ـ جلال محمد الخطيب ـ جرائم الارهاب الاولي ـ مجلة رۆشنبیری كوردستان تصدرها مركز الثقافة الشبيية لكوردستان العدد ٩ عام ٢٠٠٢.

٤ـ جورج طعمة ـ القضية الفلسطينية والصراع العربي الاسرائيلى في الامم المتحدة ١٩٦٥ مجلة الشؤون الفلسطينية العدد (٤١) سنة ١٩٧٥.

٥ـ الدكتور أحمد جلال عزالدين ـ مكافحة الارهاب ـ دار الشعب ـ القاهرة.

٦ـ الدكتور أحمد محمد رفعت والدكتور صالح بكر طيار ـ الارهاب الدولي ، مركز دراسات العربي ،الاوروبي ـ الطبعة الاولى ١٩٩٨.

٧ـ الدكتور أحمد محمد رفعت ـ المقدمة لدراسات القانون الدولي لحقوق الانسان، دار النهضة العربية ١٩٨٥.

٨ـ الدكتور اسماعيل الغزال ـ الارهاب والقانون الولى ـ المؤسسة الجامعة للدرسات والنشر والتوزيع ـ القاهرة، ١٩٩٠.

٩ـ الدكتور المهدى المنجرة ـ الحرب الحضارية الاولى، مستقبل الماضي وما في المستقبل ـ شركة الشهاب، للنشر والتوزيع، الجزائر ـ الطبعة الاولى ١٩٩١.

١٠ـ الدكتور احمد سعيد الزقرد - تعويض واضرار عن جريمة الارهابية - قسم الثاني المنشور في مجلة الكويتية سنة الحادية والعشرون - العدد الرابع ديسمبر ١٩٩٧.

١١ـ الدكتور حسين عبدالخالق حسون، الشرعية الدوليه لحرب اكتوبر ١٩٧٣ مجلة المصرية للقانون الدولى مجلد ٣٠ في ١٩٧٥.

١٢ـ الدكتور عبدالرحيم صدقي. الارهاب السياسي والقانون الجنائي، دار الثقافة العربية ١٩٨٥.

١٣ـ الدكتور عبدالله سليمان سليمان - المقدمات الاساسية في القانون الدولي الجنائي، ديوان المطبوعات الجامعة الجزائر ١٩٩٢.

١٤ـ الدكتور عبدالوهاب حومد - من تأريخ الجزائر السياسية - مجلة الكفاح العربي، عدد ٤٢٧ - ١٩٩٤.

١٥ـ الدكتور عمر اسماعيل سعدالله - مدخل في القانون الدولي وحقوق الانسان - ديوان المطبوعات الجامعة - الجزائر - ١٩٩١.

١٦ـ الدكتور محمد عزيز شكري - الارهاب - دار العلم للملايين - بيرون - الطبعة الاولى ١٩٩١.

١٧ـ الدكتور محمد معروف عبدالة - مجموعة محاضرات التي القاء على طلبة الدكتورا في كلية القانون بجامعة الكوية عام ٢٠٠٤.

١٨ـ الدكتور منذر الفضل - الاسلام السياسي والارهاب الدولي - مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكوردستاني، سليمانى - ٢٠٠٤.

١٩ـ الدكتور نبيل حلمي - الارهاب الدولى - دار النهضة العربية الطليعة - بيروت ١٩٦٦.







٢٠ـ الدكتوره حميدة سميسم - الحرب النفسية الايرانية - دار الشؤون الثقافية العامة ١٩٨٩ - بغداد.

٢١ـ الدكتور عائشة راتب - مشروعية المقاومة المسلحة، الجمعية المصرية للقانون الدولي (دراسات في القانون الدولي).

٢٢ـ سليم قرحالي - مفهوم الارهاب في القانون الدولي - رسالة ماجستير مقدمة الى جامعة الجزائر ١٩٨٨ - ١٩٨٩.

٢٣ـ عبدالله عبدالجليل الحديثي - الارهاب الدولي في الواقع والقانون - مجلة القضاء ، السنة الرابعة والاربعون العددان الثالث الرابع - ١٩٨٩.

٢٤ـ محمد أبو طالب - التأريخ المعاصر - دار للآفاق - الجزائر - بلا تأريخ طبع.

٢٥ـ محمد محي الدين عبدالحميد - المختار من صحاح اللغة - المكتبة التجارية الكبرى - قاهرة طبعة ثانية - عام ١٩٣٤.

٢٦ـ مقدمة ابن خلدون - دار البيان - بيروت.

٢٧ـ نبيل هادى. امراء الارهاب في الشرق الاوسط - شركة المطبوعات اللبنانية دار الفارابي - بيروت ١٩٨٥.

٢٨ـ نجيب عبدالله الشامي - الارهاب والاقتصاد وحصاده عالمياً. بحث منشور في الانترنيت على الموقع www google. Com 20/12/2005.

٢٩ـ الدكتور عثمان محمد غريب - الارهاب. بين الاسباب والمواجهة - ورقة الى المؤتمر الاسلامي الذي تعقده وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية في حكومة إقليم كردستان ٢٠٠٦.

٣٠- الدكتور ابراهيم الداقوقى ـ الاعلام والارهاب ـ مجلة كل العرب ـ العدد ٨٩ في ١٩٨٦/٤/٩.

٣١- الدكتور فخري عبدالرزاق الحديثي ـ الاعزار القانونية المخففة للعقوبة بغداد ١٩٧٩.

٣٢- الدكتور حميد محمود السعدي، شرح قانون العقوبات العراقي الجديد. دار الحرية لطباعة. بغداد ١٩٧٦.

٣٣- الدكتور ضارى خليل محمود ـ الوجيز في الشرح قانون العقوبات. القسم العام دار القادسية لطباعة، بلا تأريخ طبع.

٣٤- الدكتور غالب الداودي. شرح قانون العقوبات العراقي ـ القسم العام، بصرة ١٩٦٧.

٣٥- جريدة الثورة العدد ٥٥٤٩ في ٢٧///١٩٨٥.

٣٦- جريدة الوقائع العراقية ـ العدد ٤٠٠٩ السنة السابعة الأربعون في ٢٠٠٥/١١/٩.

**النصوص القانونية :ـ**

١- قانون العقوبات الاردني بغداد ١٩٨١ مطبعة دار السلام.

٢- قانون العقوبات السوري ـ بغداد ١٩٨١ مطبعة دار السلام.

٣- قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩.

٤- قانون العقوبات الفلسطيني ـ بغداد ١٩٨١ مطبعة دار السلام

٥- قانون العقوبات اللبناني ـ بغداد ١٩٨١ مطبعة دار السلام

٦- قانون العقوبات لسلطنة عمان ـ بغداد ١٩٨٠ الجزء السادسة عشر مطبعة دار السلام.







٧- قانون مكافحة الارهاب العراقية رقم ١٣ لسنة ٢٠٠٥.

٨ـ قانون مكافحة الارهاب لاقليم كردستان العراق ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٦.

مه کته بی بیروهۆشیاری

# پاشکۆ





مه کته بی بیروهۆشیاری

## یاسای بەرەنگار بوونەوەی تۆقاندن( تیرۆر )

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق دایناوەو بەپێی حوکمی ماددە دە/ یەکەم لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لەهەرێمی کوردستان ـ عیراقدا**

**ماددەی یەکەم:**

کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندو تیژی سازدراوە، هەڕەشەپێکردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانیەتی کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری، کەسێك یان کەسانێك پێی هەڵدەستن وتاکێك یان کۆمەڵە کەسانێك دەکەنە ئامانج، یان هەر بە ڕەمەکی ئەنجامی دەدەن بە نیازی نانەوەی تۆقاندنو ترسو شڵەژانو ئاژاوەنانەوە لەنێو جەماوەردا بۆ ئەوەی زیان بە سیستەمی گشتی بگات، ئارامیو ئاسایشو سەلامەتی کۆمەڵگەو هەرێم،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ژیـانی تاکـە کەسـان، سـەربەخۆییان پیرۆزییـان، ئاسایـشیان، بخرێتـە مەترسیەوە، یان بۆ زیان پێگەیاندن بـە ژینگـە، بەیـەكێك لەسەرچاوە گشتییەکان، بە دەسگا، سامانە گشتی، یـان تایبەتیـەکان بـۆ بـەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی تایفەگەری یان ڕەگەزی.

**ماددەی دووەم :**

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری (تۆقاندن) دادەنـدرێن وسزایان لەناوبردنە (اعدام):

١ـ داتمەزرانـدن، ڕێكخـستن، یـان بـەڕێوەبردنی ڕێكخـراو، کۆمەڵـە، دەستە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێك بە ئامـانجی ئەنجامـدانی یـەكێك لـەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

٢ـــ تیرۆرکـــردن بـــۆ مەبەســـتێكی سیاســـی، ئایـــدیۆلۆجی، یـــان بەکافردانان.

٣ـ بـەکارهێنانی کەرەسـتەی تەقینـەوە، سـووتێنەر، گرگـر، ئـامێری دروستکراو بۆ تێكدانو ڕووخاندن لەڕێگەی تەقاندنـەوەی ڕاسـتەوخۆ، یـان بـە ئـامێری لـەدوور ئاراسـتەکراو، مینرێـژکردنی ماشـێن، هـەر ئـامێرێكی دیکـە، چـاندنی بـۆمبی خاپوورکـار، بـەکارهێنانی چـەکە جەنگیـەکان بەگـشت جـۆرە جیاجیاکانیـەوە، پـشتێنەی خاپوورکـار، نامەی مینرێژکراو ماددە، گازی ژەهراوی، میکرۆبی یـان تیـشکدەر، بـە مەبەسـتی تیرۆرکـاری ئەگـەر کارەکـە مردنـی کەسـێك، یـان پـتری لێکەوتەوە.

٤ـ بـە بارمتـەگرتنی کەسـێك، یـان کەسـانێك بـۆ کـارتێکردن لـەدامودەزگاکانی هـەرێم، لـەو دەسـتەو ڕێكخـراوە نیـشتمانی یـان





نێودەوڵەتەییانەی لەهەرێمدا کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی هـەر جۆرە سـودێك یـان کـەلکێك، بـە ناچـارکردنیان بـۆ ئەنجامـدانی کـارێكی دیارکراو، یان نەکردنی، یان دروستکردنی بارێك لەترسو تۆقین.

٥ـ کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتـەوە، یـان کوشـتنی کارمەنـدانی فەرمانگـەو دەسـتە دەبلۆماسـیو کۆنـسوڵگەریو دامـەزراوەو کۆمپانیـا بیـانی ڕێكخـراوە نێودەوڵەتیـە حکـوومیو ناحکومیەکان، ئـەو کەسانەی لەگەڵیاندا کار دەکەن، وتاوانەکەش بە مەبەسـتی تۆقانـدن (تـیرۆر) بێـت. سزاکەشـی دەبێتـە زینـدانی هـەتا هەتایی، ئەگەر هێرش بردنە کە مردنی لێنەکەوتەوە.

٦ـ چوونە ناو هەر ڕێكخراو، کۆمەڵە، دەسـتە، بانـد (عـصابە)، بنکە یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجام بـدات، ئەگـەر ئەنجامـدەر کارمەنـد بێ لەهێزی ئاسایشی ناوخۆ، یان (پێشمەرگە) زێرەڤـانیی هـەرێم بـوو، یـان ئەگـەر تاوانکـار مەشـقی سـەربازی، یـان هـەواڵگری لەیـەکێك لـەم لایانانە پێکرابوو.

٧ـ هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتێکی بیانی، هەر ڕێكخراو، کۆمەڵە، بانـد، بنکـە، یـان کۆمـەڵێکی دەرەوەی وڵات، یـان کـار بـۆ بەرژەوەنـدی هـەر یـەکێکیان بکـات بـۆ ئـەوەی تاوانێـك لـەو تاوانانـەی لـەم یاسـایەدا دەقنووسکراوون ئەنجام بدات.

٨ـــ ئاســـانکاری هاتنـــە ژوورەوەو چـــوونە دەرەوەی هـــەرێم بـــۆ تیرۆریـــستان، دابینکردنـــی شـــوێنی حەوانـــەوەیان شـــاردنەوەیان، حەشـــاردانیان بـــە خـــۆی، یـــان بەکەســـێكی دی، یارمەتیـــدانیان بەهەوڵپێدانو پێشکەشکردنی ئەو زانیاریانەی بەکاردێن بۆ پلانـدانان،

مەکتەبی بیروهۆشیاری

یان بۆ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی تاوانی تیرۆرکاری بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێن و سزاکەیان زیندانی هەتا هەتاییە.

١ـ تێکدان، ڕووخاندن، لەکەلك خستن، یان زیان پێگەیاندن، بەتەواوی، یان بە بەشێك لەتەلارو دامەزراو سامانی گشتی یان ئەو تایبەتیانەی تەرخانکراوون بۆ فەرمانگەو بەرژەوەندیە حکومیەکان بۆ دەسگا گشتیەکان، بارەگای ئەو حیزب، یان ئەو کۆمەڵانەی بە یاسا ناسراوون، یەکێك لەدامەزراوەکانی نەوت، هەر دامەزراوێکی هەرێم، ئێستگەی وزەی کارەبایی و ئاوی، پرد، بەنداو، ئاوەڕۆی گشتی، هۆیەکانی گەیاندن و دامەزراوەکانی، ئەو شوێنانەی ئامادەکراوون بۆ کۆبوونەوە گشتیەکان و شوێنەکانی خواپەرستی، شوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هاموشۆی جەماوەر، یان هەر سامانێك کە گرنگی هەبێت لەئابووری نیشتمانی، بە مەبەستی تیرۆرکاری بۆ شێواندنی ئاسایش و ئارامی لەهەرێمدا.

٢ـ دەستبەسەرداگرتنی فرۆکەی مەدەنی و ڕفاندنی. سزاکەشی دەبێتە لەناوبردن (اعدام) ئەگەر کردەوەکە مردنی کەسێك یان پتری لێکەوتەوە.

٣ـ ڕفاندن، دەستگیرکردن، دەستبەسەرکردن، یان بێبەشکردنی کەسێك لەئازادی، بەهەرشێوازێك بێت، بۆ قاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی، یان بە مەبەستی سیاسی، بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاری.





٤ـ پەکخستنی هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن وسیستمەکانی کۆمپیتەر، چوونە ناو تۆڕەکانیانەوە، ژاوەژاو دانان لەسەریان، زانیاری و داتا خستنە ناوەوەیان بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانە تیرۆرکاریەکان.

٥ـ پێشکەشکردن، کۆکردنەوە، گوێزانەوە، یان ناردنی کۆمەکی دارایی، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم، بەمەبەستی بەکارهێنانی، یان بزانێت بەکاردێت بۆ داراکردنی هەر تاوانێکی تیرۆرکاری.

٦. مەشق پێکردنی کەسێك، یان کەسانێك لەسەر بەکارهێنانی چەك لەسەر هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن، فێرکردنی هونەرە جەنگیەکان، یان شێوازەکانی شەڕکردن، بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری.

٧. چوونە ناو یەکێك لەو لایەنانەی لەبڕگە (١)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و بە ئەندامبوون تیایدا.

٨. دروستکردن ، هاوردن، یان لەلابوونی تەقەمەنی، ئاگرەتریشقە، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان، ڕووخاندن، یان هەر ماددەیەك لەپێکهاتەی ئەوانەوە بێت، هەروەها ئەو دەزگاو ئامێرو کەرەستانەی لەدروستکردنیان یان لەتەقاندنەوەیان بەکار دێن. ئەگەر بەکارهێنانەکەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بە تاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەندرێن و سزادەدرێت بە زیندانی، لە (١٥) ساڵ تێپەڕ نەکات، هەر کەسێك:

١. دەسەڵاتی فەرمانپێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆو زێرەڤانی هەرێمو داوا لێکردن یان ڕایسپاردن، بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاری کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن.

٢. نووسراو، چاپەمەنی کاسێتی تۆمارکراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لەلابێت یان بەدەستبێنێت، کە هاندان، بەچاك زانین، یان پڕوپاگاندە لەخۆبگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری بەمەبەستی بەخشینەوەی، یان بلاو وکردنەوەی.

٣ـ بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگاداربێتو دەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوەو کەس لەفەرمانی ئەم بڕگەیە بەدەر ناکرێت.

٤. بەئەنقەست، هەواڵ، ڕوونکردنەوە، یان پڕوپاگاندەیەکی تۆقێنەر بلاو بکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراو، یان ئەلەکترۆنی بەهەڵە وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، لەئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بلاوبکاتەوە کە ڕاستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوە وترس بخاتە نێو هاوڵاتیانو هەڕەشە لەقەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

٥. نەفامیو کەم زانی کەسێك بقۆزێتەوەو لەکاری تۆقاندن بەکاری بێنێتو بەهۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدات.

٦ـ گزی لەنوسراوێکی فەرمی بکات، یان باساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بکات بۆ ئەوەی کەسایەتی بشارێتەوەیان بەئەنقەست بیگۆڕێت ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی بکات، یان





یارمەتی بدات لەکارەکانی بەمەرجێك بزانێت مەبەستی لەگزیەکە چیە.

**ماددەی پێنجەم:**

أ ـ هەر کەسێك دەستبکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون سزا دەدرێت بە زیندانی هەتا هەتایی.

ب ـ هەر کەسێك دەستبکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزا دەدرێت بە زیندانی کاتی.

ج ـ هەر کەسێك دەسبکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، بە بەند کردنی توند سزا دەدرێت.

**ماددەی شەشەم:**

نابێ ئەو کەسەی بەتاوانی تۆقێنەر تاوانباردەکرێت، بەدەستەبەر بەربدرێت لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا هەتا حوکمێك یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەداواکەی دەرنەچێت.

**ماددەی حەفتەم:**

فەرمانەکانی ماددەی (٤٧)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراوی کارا، بەسەر ئەو کەسە پیادە دەکرێت کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایە هاتووە دەدات سەبارەت بە ئاشکرانەکردنی ناسنامەکەی، کاتێ هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانانە دەگەیەنێت وناکرێتە شایەد.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**ماددەی هەشتەم:**

أ- ئەو كەسەی، پێش ڕوودانی تاوانی تیرۆركاری، پێش ئاشكرابوونی، یان لەكاتی پلان بۆ دانانی، دەزگا تایبەتمەندەكان پێ ئاگاداربكاتەوەو هەواڵ گەیاندن كە ببێتە یاریدەر بۆ دەستگیركردنی تاوانباران یان نەی هێڵا كارەكە ئەنجام بدرێت، لەسزادان دەبووردرێت.

ب - دادگا بۆی هەیە خۆبەدەستەوەدانی تاوانبارو پێشكەشكردنی زانیاری وا، كە تاوانەكە دوای ڕوودانی ئاشكرا بكات، بە پاساوی یاسایی سزا سووككەو بژمێرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

لایەنی پەیوەندار بۆی هەیە پاداشتێكی چاك جاربدات بۆ ئەو كەسەی زانیاری ڕاستو دروست پێشكەش بە لایەنی تایبەتمەند دەكات وئاشكراكردنی تاوانی تیرۆركاریو ئەوانەی دەستیان تێدا بووە لێ دەكەوێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

هەر كەسێك هاوكاری بكات وەك بكەر، بەشدار یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تیرۆركاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەهەمان سزا، كە بۆ تاوانەكە دیار كراوە، سزا دەدرێت.

**ماددەی یازدەم:**

دەست بەسەر سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەی ئەو ڕێكخراو، پارت، دەستە، كۆمەڵ، یان ئەو كەسانەدادادەگیرێت كە بڕیارێكی دادگا بە تاوانكاری تیرۆر دەردەچن.

**ماددەی دوازدەم:**





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

تاوانی تیرۆر لەتاوانە ئابڕووبەرەكاندا دەژمێردرێت وەدەبێ دادگا ئەم فەرمانە لەدەقی بڕیارەكەیدا بنووسێت.

**ماددەی سیازدەم:**

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە، مافی خۆیەتی ڕەفتارێكی یاساییو دادپەروەرانەی لەگەڵدا بكرێت لەگشت قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەدا، بەدابینكردنی پارێزەریشەوە بۆداكۆكی لێكردنی ونابێ شێوازی ئازاردانی دەروونی جەستەیی یان ڕەفتاری نامرۆڤانەی لەگەڵدا بكرێت، وپشت نابەسترێت بە دانپێدانانی بە زۆر لێوەرگیراو، بەهەڕەشە، بەئازاردان، یان بە بەڵێنو گەفو گوڕ، ئەگەر بەڵگەكە پشت ڕاست نەكرا بە بەڵگەی دیكە. ئەگەر لەئەنجامی بەكارهێنانی یەكێك لەو شێوازانەی باسیان لێوە كرا، زیانێكی بەرجەستەیی قەبەی لێكەوت، تاوانبار بۆی هەیە سكاڵا دژی لێكۆڵەرانی تۆمار بكات وەك كەسانی ئاسایی.

**ماددەی چواردەم:**

ئەگەر ئەو كەسەی بە تاوانی تیرۆركاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو، بۆی هەیە، داوای قەرەبۆی ئەو زیانە جەستەیی وناجەستەییانە بكاتەوە كە لێی كەوتووە لەئەنجامی پێشێلكردنی ئەو مافە مرۆییانەی لەدەستوورو یاساكاندا هاتوون.

**ماددەی پازدەم:**

حكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق دەستەبەری چاودێری خانەوادەی قوربانیانی كردەوە تیرۆركاریەكان دەكاتو قەرەبۆی زیانەكانیان دەكاتەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ماددەی شازدەم :**

بۆ هەرشتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی سالّی ١٩٦٩و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی سالّی ١٩٧١ پیادە دەکرێن.

ب ـ کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەلّ فەرمانەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی حەڤدەم :**

کار بەم یاسایە دەکرێت بۆ ماوەی دوو سالّ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمییەوە.

**ماددەی هەژدەم :**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمیەوە (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## هۆکارە خوازیاریەکانی ئەم یاسایە

تیرۆ بۆتە دیاردەیەکی ترسناکی جیهانیو ئامانجی ترس خستنە ناو دلّی جەماوەر تۆقاندنیەتیو تێکدانی باری گشتیو ئارامی کۆمەلّگەو ئازاردانی خەلّکە بۆ ئەوەی ژیانو ئازادییان بخاتە مەترسیو زیان بە ژینگەو سامانی گشتیو تایبەتی بگەیەنێت بۆیە، کۆمەلّگەی نێودەولّەتی هەولّی داوەو هەولّدەدات چەند یاسایەك دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکەو داوا لەئەندامانی دەکات بە دلّ هاوکار بن بۆ ئەوەی سنوورداری بکەنو چارەسەری هۆکارەکانی بکەنو لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش تووشی مەترسی گشت جۆرەکانی ئەم تیرۆرە بۆتەوەو تووشی دەبێتو دەرەنجام زیانێکی زۆرو گەورەی لەگیانی هاولاّتیانی هەرێمو سامانیانو دەسەلاّتە ڕەواکانی کەوتووە. بۆیە بە پێویست زانرا کە یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکە دابندرێت لەگەلّ ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرە نێودەولّەتیانەی مافو ئازادیەکانی تاکو کۆمەلّ دەستەبەر دەکات. بۆیە ئەم یاسایە داندرا.